BRITISH COUNCIL

Creative Iraq Report

Iraq Creative Economy Mapping

Report 2021-2023

# كرييتف عراق

# خشتەی ناوەرۆک

پوختەیەکی جێبەجێکاری ٢
١. ئابووری داهێنەرانەی عێراق ٤
٢. میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە ٨
پوختەیەك لە بارەی شارە ١٢
داهێنەرەکان ١٢
٤.کەرتە داهێنانکارییەکان ١٨
سینەما ٢٨
نموونەی توێژینەوەی بچووک: موهەنەد ئەلکاتب ٣١
١.٤ نووسین و ئەدەب ٣٢
٢.٤ موزیک ٣٦
فەرهەنگی موزیکی عێراق ٣٩
٣.٤ شانۆ ٤٠
٤.٤ کەلەپوری کەلتوری ٤٢
٥.٤ هونەرە بینراوەکان ٤٤
هونەرە ئاینییەکان ٤٨
٦.٤ کاری دەستی ٥٠
٧.٤ ڕیکلام و دیجیتاڵ ٥٤
میدیا ٥٤
٥. دەرەنجامی کەرتەکان ٥٨
٥.١ بەربەستی دارایی ٦٠
٥.٢ کارامەییەکان ٦٢
٥.٣ بازاڕ و فرۆشتن ٦٤
٥.٤ سیاسەت و ستراتیژییەتەکان ٦٥
٥.٥ ژێرخانەکان ٦٦
٥.٦ ئابووری ڕێکنەخراو (نافەرمی) ٦٨
"زۆر کەس حەز دەکەن بچنە ناو ئابووری داهێنەرانە بەڵام بەهۆی نەبوونی پشتیوانی دارایی و مەعنەوییەوە ناتوانن" ٦٨
٥.٧ گەشەی گشتی ٦٩
٥.٨ ناکۆکییەکان و بونیادنانی ئاشتەوایی ٧٠
٦. ڕاسپاردەکانی زەقورە ٧٣
٧. ئەنجام ٧٤

# کرێتیڤ عێراق

## پوختەیەکی جێبەجێکاری

ئابوری داهێنەرانە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە عێراقدا کاری پێدەکرێت، بەڵام تێگەیشتن لێی لە ئاستێکی کەمدایە و، لە هەمان کاتدا خەڵکی عێراق و خەڵکی وڵاتانی دیکەی جیهانیش بە شتێکی ئاسایی و کەمبایەخی دادەنێن. کارە داهێنانکارییەکان بینا و تابلۆکان دەڕازێننەوە، لە شاشەی تەلەفزیۆن و سینەماکاندا چیرۆک دەگێڕنەوە، سەرنجی بەکاربەران بۆ بەرگ و ناوی بەرهەمەکان ڕادەکێشن، ئاوازی زیانی خەڵک دەژەنن، گەشتیاران سەرسام دەکەن و هەموو شوێنەکان پڕدەکەنەوە. پێشەنگە عێراقییەکانی ئەم بوارە ئاوازی گەشتە ئۆرکێستراییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا دادەنێن، جلوبەرگی هەڵبژارەکانی تۆپی پێ دیزاین دەکەن، فیلمی نێتفلێکس بەرهەم دەهێنن کە خەڵک لە سەرانسەری جیهان سەیری دەکەن، هەروەها کەلتوور و فەرهەنگی دەوڵەمەندی خۆیان لەگەڵ ملیۆنان کەس لە ئینستاگرام و تیک تۆک و یوتیوبدا بڵاو دەکەنەوە. عێراقییەکان بە دەنگی خۆیان چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە و وێنەی داهاتووی خۆیان دەکێشن بۆ ئەوەی سۆزی جیهان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

سەرەڕای ناسەقامگیری و ململانێی دەیان ساڵەی ئەم دواییە، نەوەکانی میزۆپۆتامیای "لانکەی شارستانیەت"، واتا نەوەکانی داستانی گلگامش و مەسەلەی حەمووراپی و چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەو، ئێستا ڕێنیسانس و سەرهەڵدانێکی کەلتووری نوێ لە جیهانی ئەمڕۆی ئێمەدا دروست دەکەن.

ئابووری داهێنەرانە لە عێراقدا بە بووژانەوەیەکی بەردەوامدا تێدەپەڕێت لەسایەی کۆی بەهرەمەندی پیشەوەران و کۆمپانیاکان لە سەرتاسەری وڵات کە لە لایەن گەنج و پیرانەوە بەڕێوە دەبرێن. ئاشنایی لە گەڵ ئەم کەرتانە- شاشە، فەرهەنگ، میوزیک، شانۆ، فەرهەنگ، هونەرە شێوەکارییەکان و کاری دەست و نێوەندە دیجیتاڵییەکان- لە زیادبووندایە وەک پێکهاتەیێکی گرنگی هەر کۆمەڵگایەک. ئەم کەرتانە کە بۆ گەشەپێدانی بەردەوام و گەشەسەندنی گشتگیر زۆر گرنگن چونکە هەموویان بەیەکەوە "پایەی ونبوو"ی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکدەهێنن. ئابووری داهێنەرانە دەرفەتێکی ناوازە بۆ عێراقییەکان دەڕەخسێنێت بۆ دروستکردنی هەلی کار و جۆراوجۆرکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان لە وابەستەیی بە وزەوە بەرەو بنچینەی زانستی. لە هەمان کاتدا ئامرازێک دابین دەکات بۆ گێڕانەوە و نمایشکردنی چیرۆکی خۆیان، ئەو چیرۆکانەی کە بۆ چەندین نەوە لە دەرەوەی لە بەردەستدا نەبوون.

جگە لەوەش، دوای دەیان ساڵ لە ململانێ و ناسەقامگیری، عێراق بە قۆناغێکی گۆڕانکاری تێدەپەڕێت لە قۆناغێکی نائاسایی مرۆییەوە بۆ قۆناغێکی نوێ کە بریتیە لە دۆزینەوەی چارەسەرە بەردەوامەکان (الحلول المستدامة)، ئەم پێشکەوتنەش پاڵنەرە بۆ داڕێژەرانی سیاسەت و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بۆ داڕشتنی دیدگا و تیۆری پەیوەندی و مۆدێلی بەرنامەسازی کە پەیوەندییان بە پێداویستییەکانی عێراقییەکانەوە هەبێت، ئەوەش شایەنی پەرەسەندنی بواری گەشەپێدان لە مۆدێلی "پشتبەستن بە ئامرازەکانەوە" بۆ مۆدێلی "تەرکیزکردن لەسەر بەهاکان". ئابووری داهێنەرانە لە عێراقدا دەتوانێت بە شێوەیەک بەشداری بکات لە کارنامەی گەشەپێدان کە کەرتەکانی



دیکە ناتوانن.

بەڵام لێرەدا گرفتێك هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم کەرتە کەرتێکی نوێیە و بە دۆکیومێنت نەکراوە و هەماهەنگی تێدا نییە. بەڵام ڕۆڵی لە گەشەسەندن وفراوانبوون و بێزانیی بەردەوام وایکردووە کە داڕێژەرانی سیاسەت و وەبەرهێنەران بەرە بەرە باشتر لێی تێبگەن. ئەزموونە عێراقییەکان دەتوانن ببن بە ئیلهامبەخشی بەنرخ و باشترین پراکتیزە جیهانییەکان بۆ وڵاتانی دیکە کە هەوڵی دەستپێکردنی گەشتەکانیان دەدەن لە کەرتی ئابووری داهێنەرانەدا. لەم چوارچێوەیەدا ئەنجومەنی ڕۆشنبیری بەریتانی هەڵساوە بە ڕاسپاردنی ڕاوێژکارانی ئابووری داهێنەرانە لە "نۆردیسیق" بۆ داڕشتنی نەخشەی ئابووری داهێنەرانە لە عێراق تا لەو دەرفەت و ئالنگارییانە تێبگەن کە ڕووبەڕووی کەرتەکە دەبنەوە و پلانی پێویست داڕێژن بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی و وەبەرهێنان.

توێژینەوەکە ئەنجامی ساڵێك ڕاوێژکارییە لەگەڵ زیاتر لە ٦٠٠ داهێنەری عێراق لە زیاتر لە ١٠ شاری عێراق، لەگەڵ ڕاپرسییەکی نیشتمانی لەگەڵ زیاتر لە ٦٠٠ لایەنی پەیوەندیدار و پێداچوونەوە ی ئەدەبیاتە پەیوەندیدارەکان لە زیاتر لە ٤٠ سەرچاوە. ڕاپۆرتە گشتگیرەکە بریتییە لە پوختەی زیاتر لە ٤٠٠ لاپەڕەی ڕاپۆرتی کاری مەیدانی و نزیکەی چوارهەفتە لێکۆڵینەوەی کارلێککارانەی ئێتنۆگرافی و زیاتر لە ٧٠ پرسیاری ڕاپرسی -زۆربەیان بە دەیان جار زیاتر بوون لە پرۆسەی پۆلێنکردن.

ئەم ڕاپۆرتە لە ٣٠ لاپەڕەدا کورتکراوەتەوە لە کۆی گشتی توێژینەوەکە کە بریتییە لە ٢٠٠ لاپەڕە، تێیدا دیارترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

بە شێوەیەکی کورت تیشك دەخەنە سەر ڕەوشی ئابووری داهێنەرانە. ئەو توێژینەوەش دەکرێ وەك بنەمایەك سەیر بکرێت بۆ ئابووری داهێنەرانە لە عێراقدا لە گشت ڕووەکانەوە وەکو چۆنیەتی دروستبونی و لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەرفەتەکان و بەربەستەکان و بژاردە ستراتیژییەکان بۆ داهاتوو، هەروەها بە خاڵی دەستپێک بۆ وەبەرهێنان و پلاندانانی ستراتیژییەکان دادەنرێت و، هەنگاوێکیشە لە بڕێکی زۆری دەستپێشخەرییە پەیوەندیدارەکان کە لەلایەن دەزگاکانی پشتیوانی ناوخۆیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتییەوە بۆ پاڵپشتی گەشەپێدانی درێژخایەنی ئابووری داهێنەرانە لە عێراقدا ئەنجام دراون.

ڕۆشنبیری و گەشەپێدان ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و گەشەسەندنی گشتگیر و هەمەلایەن و پەیوەندییە کەلتوورییەکان و بنیاتنانی ئاشتی لە عێراقدا.

# ١. ئابووریی داهێنەرانەی عێراق

عێراق خاوەنی یەکێکە لە شارستانیەتە هەرە دێرینەکانی جیهان. پاش ئەوەی بناغەی فەرهەنگی جیهانی داناوە، کاریگەری لەسەر کولتوورەکان لە سەرانسەری جیهان هەبووە. هاوکات لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا عێراق ململانێ و ناسەقامگیری و نائارامیی زۆری لە ئابووری و کۆمەڵگا و کولتوورەکەیدا بەخۆیەوە بینیوە. دوای ئەوەی لەو ماوەیەدا عێراق لە باری نائاسایی مرۆییدابوو "کە پێداویستییەکان بریتیبوون لە بنیاتنانی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ"، ئێستا خەریکە هەنگاو دەنێ بەرەو قۆناغی گەشەپێدان و بنیاتنانەوە کە تیشک دەخاتە سەر پتەوکردنی هەماهەنگی و برێوی ژیان دوور لە پشتبەستن بە نەوت و هەروەها پەرەپێدانی وبارەکانی دیکەی وەک پێکهاتەکان و پرسەکانی پەیوەست بە دیموگرافی - بەتایبەتی گەنجان و فرەڕەنگی دانیشتووان.

کەلتوور و فەرهەنگ ڕۆڵێکی ناوازەی هەیە لە قۆناغی داهاتووی گەشەسەندنی عێراقدا کە لە قەیرانی مرۆییەوە دەچێت بەرەو "چارەسەری بەردەوام" کە تیشک دەخاتە سەر پتەوکردنی هەماهەنگی و برێوی ژیان و هەمەچەشنکردنی ئابووری و گۆڕانی دیموگرافی و گۆڕانی کەشوهەوا. لە سەرانسەری عێراق و بەتایبەتی لەو شارانەی کە بەم دواییە لەژێر داگیرکاری داعش ڕزگاریان بووە، پیشەسازییە ڕۆشنبیری و داهێنەرانەکان سەلماندوویانە کە ئامرازی خۆڕاگری مرۆڤەکانن لە کاتی ململانێکان وهەروەها لە دوای ململانێکان و دوای گەڕانەوەی دانیشتووان بۆ شوێن و ماڵەکانی خۆیان. ئەو شارانە، بۆ نموونە موسڵ، کە لەژێر داگیرکاری داعشدا توشی هەڕەشە و وێرانکاری بوون، تیایاندا دەست بە ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوە کرا بۆ گەڕان بەدوای داهاتوویەکی نوێ لە ڕێگەی کەلتوور و فەرهەنگەوە -ئەوەش بە دروستکردنی گرووپی موزیکی ئۆرکێسترا و دووبارە بنیاتنانەوەی شوێنە فەرهەنگییەکان و بە دۆکیومێنتکردنی چیرۆکەکان لە ڕێگەی فیلم و فۆتۆگرافییەوە و پەرەپێدانی ئەزموونەکان لە ڕێگەی ئەپی مۆبایل و یارییە ڤیدیۆییەکان و دروستکردنی ناوەندی توێژینەوە و داهێنان لە ڕێگەی کردنەوەی ناوەندەکان داهێنانکاری و زۆر شتی دیکە.

پیشەسازییە ڕۆشنبیری و داهێنەرانەکان بزوێنەری سەرەکی ئابوورییەکانن، بەو پێیەی نزیکەی دوو ملیار دۆلار بەرهەمدەهێنن و ٣٠ ملیۆن هەلی کار لە سەرانسەری جیهاندا دابین دەکەن. لە ڕێگەی پابەندبوونیان بە بەها مرۆییەکان و پشتبەستنیان بە میراتی کەلتووری، دەتوانن یارمەتیدەر بن لە بەدەستهێنانی گەشەسەندنی بەردەوام و گشتگیر، و هەروەها پەرە بە توانای خۆڕاگری بدەن لە ئابووری ناوخۆیی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و دیپلۆماسی و کولتووری پێشبخەن و هاوکاربن لە کارنامەی ٢٠٣٠ و ئامانجەکانی بۆ گەشەپێدانی بەردەوام (SDGs).

هەرچەندە عێراق خاوەنی میراتێکی کولتووری بێهاوتایە و کەرتێکی داهێنەری هاوچەرخی هەیە بەڵام تێنەگەیشتنێک هەیە لە ئابووریی داهێنەرانەی نوێ و چۆنیەتی پەرەپێدانی ئەو ئابوورییە لە وڵاتەکەدا.



ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەنجومەنی رۆشنبیری بەریتانییەوە ئەنجام دراوە و تێدا گرنگی دراوە بە پشتگیریکردنی دەرئەنجام و کاریگەرییە بەردەوام و درێژخایەنەکان لەسەر ئاستی سیاسەت و ستراتیژییەتەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و رێکخراوە ناحکومییەکان و دامەزراوەکانی وەک خوێندنی باڵا و مۆزەخانە و هتد و هەروەها لەسەر ئاستی پسپۆرەکانیش لەگەڵ دەزگا داهێنەرەکان و هونەرمەندان و کرێکاران. هەروەها ئامانجیەتی پشتگیری لە ئاستی کۆمەڵگەی ناوخۆیی بکات. توێژینەوەکە لەلایەن راوێژکارانی ئابووری داهێنەرانە و نۆردیسیتی سەرپەرشتی کراوە و لەلایەن دەزگای داهێنانکاری عێراق BeCorp پەرەی پێدراوە و پێشکەش کراوە.



ئامانجی لێکۆڵینەوەکە پاڵپشتیکردنە لە داهێنەرانی عێراق و دامەزراوە داهێنانکارە تازەپێگەیشتووەکان لەم بوارەدا لە ڕێگای پەرەپێدانی دەرفەتی زیاتر و کەمکردنەوەی بەربەستەکان لە ئابووری داهێنەرانەدا. هەروەها ئامانجیەتی کە پشتگیری بکات لە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئاستی سیاسەتەکانی ناوخۆیی و هەرێمی وەکو حکومەتی نیشتمانی و حکوومەتە خۆجێییەکان لەڕێگەی پێشکەشکردنی زانیارییەکانی پەیوەندیدار بەم پیشەسازییە بۆ پشتگیریکردنی ئەو سیاسەتانەی لەسەر بنەمای بەڵگە و بڕیاردان دامەزراون.

عێراق بەهۆی ئەوەی کە یەکێکە لە شارستانییەتە کۆنەکانی جیهان، هاوکات یەکێکە لە کۆنترین ئابوورییە داهێنەرانەکانی جیهان. بەو پێیەی کە خاوەنی یەکێکە لە گەورەترین کەرتە میدیاییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆڵی پێشەنگی لە ناوچەی عەرەبیدا هەبووە لە بەشی زۆرینەی سەدەی ڕابردوودا.

عێراق کەوتۆتە زەوییەکانی میزۆپۆتامیا "کەوانەی بەپیت" لە نێوان ڕووباری دیجلە و فورات. لە ساڵی ٦٠٠٠ پێش زایینەوە یەکێک لە کۆنترین شارستانیەتەکانی جیهان لە عێراق سەریهەڵدا کە بریتی بوو لە شارستانییەتەکانی بابلی و ئاشووری و سۆمەری. لێرەدا بۆ یەکەمجار کشتوکاڵ و نووسین و سیستەمی ئاپیق و فەلەکناسی و ئەستێرەناسی پەرەی سەند. لە سەدەی حەوتەمی زایینی عێراق لە سەردەمی زێڕینی ئیسلامیدا بوو، بەغدا بۆ ماوەی چوار سەدە یەکێک بوو لە گەورەترین و گرنگترین شارە داهێنانکارەکانی جیهان. عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ بوو بە دەوڵەت و لە ساڵی ١٩٥٨ بوو بە کۆمار. پاش تێپەڕبوونی چل ساڵ لە ململانێ لە ساڵی ١٩٨٠ تا ٢٠١٧ ، ئێستا ئابووری داهێنەرانەی عێراق لە قۆناغێکی نوێی "چارەسەری هەمیشەیی"دا سەرهەڵدەداتەوە. لەم کاتانەدا عێراق بە ئابوورییەکی دینامیکی و هاندەر و کاریگەری داهێنەرانە لە سەرانسەری وڵاتدا گەشەی کردووە.

یەکێک لە نهێنییەکانی عێراق فرەڕەنگییەکەیەتی، بەو پێیەی کە چەندین نەتەوەی تێدایە لەوانە عەرەب (٧٥٪) و کورد و ئاشووری و تورکمان و فارس و ئێزدی و ئەوانی دیکە (٢٥٪). لە کاتێکدا زۆربەی دانیشتووان موسڵمانن (٦٥٪ شیعە ٣٥٪ سوننە)، هەروەها کۆمەڵگەی گەورەی مەسیحی، ئێزیدی، مەندائییەکان و ئەوانی دیکەش هەن – زۆرجار لە ژێر هەمان چەتری ئابووری داهێنەرانەدا کاردەکەن. ئەم فرەڕەنگییەی گەل و کولتوور و بۆچوونەکان ئابووری داهێنەر لە عێراقدا ئاوازە دەکات و گەورەترین سەرچاوەی کاریگەرییە.



# ٢. میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لەلایەن عێراقییەکانەوە پەرەی پێدراوە و بۆ خزمەت و بەرژەوەندیی عێراقییەکانە – بە بەکارهێنانی ڕێبازی گرنگیدان بە خەڵک لە توێژینەوەی بەشداریکردنی کرداری – بۆ ئەوەی ببێتە مایەی بارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی خۆیان و داڕشتنی شێوازی گێڕانەوەکانیان. پابەندبوون بە پەرەپێدانی هاوبەش و بەشداریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەموو هەنگاوێکی پرۆسەی توێژینەوەکەدا بنەمایەکی سەرەکی بووە لە سەرانسەری ئەم پرۆژەیەدا. تیمێکی داهێنەرانی عێراق لە کۆمپانیای BeCorp ئاسانکاری وهاوبەشی دیزاینیان دەکرد بۆ توێژینەوەکە لەگەڵ تیمی توێژینەوەی Nordicity لەگەڵ ئەنجومەنی ڕۆشنبیریی بەریتانی. واتا توێژینەوەکە لەلایەن عێراقییەکانەوە و بۆ عێراقییەکان ئەنجامدراوە. هەروەها میتۆدی "تۆپەڵی بەفر" بەکارهێنرا بۆ دەستنیشانکردن و بەشداریکردنی ژمارەی زیاترلە لایەنە پەیوەندیدارەکان؛ بە سوود وەرگرتن لە تۆڕەکان و سۆشیال میدیا و گروپە نافەرمییەکان و زانیارییە زارەکی بۆ فراوانکردنی قەبارەی گەیشتن بە خەڵک و بەشدارییپێکردنیان.

ئامانجی توێژینەوەکە نەخشەدانان و دۆکیومێنتکردنی دۆخی ئابووری داهێنەرانەیە لە عێراقدا بۆ یەکەمجار. ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە لە چوارچێوەی زۆرێک لەو دەستپێشخەرییانەی کە لەلایەن حکومەت و دەزگا هاوبەشەکان و پرۆژەکانی دیکەی ئابووریی داهێنەرانە و توێژینەوەوە دەستپێشخەرییەکان ئەنجام دراون.

توێژینەوەکە ڕێچکەی وەسفکاری بەکارهێناوە کە بە داتای چەندایەتی و چۆنایەتی ئەنجام دراوە. داتاکان لە سەرچاوە سەرەتاییەکانەوە کۆکراونەتەوە: ڕاوێژکاری تاکەکەسی و بەکۆمەڵ، لێکۆڵینەوەی ئێتنۆگرافی و چاودێری، ڕاپرسی و بەدواداچوون، پێداچوونەوەی سەرچاوە لاوەکییەکان و توێژینەوەکان.

بە پشتبەستن بە بنەماکانی گەشەپێدانی بەردەوامی بۆ بەشداریپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان، چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆ کەسە بەشداربووەکان جێبەجێکرا بەمەبەستی بەشداریکردنی هەر لایەنێکی پەیوەندیدارکە کاریگەریی ئابووریی داهێنەرانەی لەسەر هەبێت. بە واتایەکی دیکەئەم توێژینەوەیە هەوڵیدا پێشوازی لە هەر کەسێک بکات کە دەرەنجامەکانی توێژینەوە بۆی گرنگ بن.

توێژینەوەکە لەگەڵ هەمو چینەکانی کۆمەڵگای عێراق مامەڵەی کردوە، هەوڵی داوە هەمەجۆریی ڕەچەڵەك و تەمەن و ئایین و زمان و توانا و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و چینایەتی و خێزانی بکاتە ئامانج.



بۆ ئەوەی دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان هەبێ، گواستنەوە و شوێنی مانەوە دابین کرا بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە سەرانسەری وڵات بۆ ئەوەی ڕووبەڕوو ڕاوێژکاری ئەنجام بدرێت.

تیمی ڕاپرسی بە زمان و دیالێکتە جیاوازەکان (عەرەبی، کوردی سۆرانی و کرمانجی و ئینگلیزی) ڕاوێژکارییەکەیان ئەنجامدا.

هەر ڕاوێژکارییەک بەپێی کەرت و شوێن و بابەت داڕێژراوە. ڕاوێژکارییەکان ڕووبەڕوو و ئۆنلاین هەروەها بە دیداری بەکۆمەڵ و تاکەکەسی و بە ڕاوێژکاری زارەکی و نووسراو ئەنجامدراون. ڕاوێژکارییە ڕووبەڕووەکان لە گەشتێکی سەرتاسەریدا بۆ ماوەی دوو هەفتە لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ و دوو هەفتە لە مانگی ئازاری ٢٠٢٢ ئەنجامدران، کۆبوونەوەکان شەو و ڕۆژ لە شوێن و ژینگەی جیاواز و لە بارودۆخی نیمچە فەرمی و نافەرمیدا ئەنجامدراون.

ڕاوێژکارییەکان سوودی دولایەنیان هەبو بۆ هەردوو لا، واتا بۆ ڕاوێژکاران و بۆ توێژەران. بەشداربووان تواناسازی و زانیاری و بۆچوونە جیاوازەکانیان بەدەست هێنا لە ڕێگەی وۆرک شۆپ و کۆبوونەوە و گفتوگۆی گرووپەکان و سیمینار و کۆنفرانسەوە و لەو میانەیەشدا پەیوەندییەکانیان بەرفراوان کرد. هەروەها بەشداربووان بانگهێشت کران بۆ پێشکەشکردنی کەرەستەکان و بەرهەمی داهێنەرانەی خۆیان و چیرۆکەکانیان بۆ گرووپەکە گێڕایەوە.

گرووپەکان لە پێنج بۆ شەست و پێنج کەس بوون کە لە پێکهاتە و شوێن و کەلتوور و زمان و کەرتی جۆراوجۆرەوە هاتبوون.

## شێوازە سەرەکییەکانی توێژینەوە:

وتۆژ لەگەڵ زیاتر لە ٦٠ لایەنی پەیوەندیدار: بە شێوەی ڕووبەڕوو و لە سەرتاسەری وڵات ئەنجامدراوە لەگەڵ زیاتر لە ٦٠ لایەنی پەیوەندیدار لە هەمو کەرتەکانی ئابووری داهێنەرانەی عێراق بە زمانەکانی عەرەبی، کوردی (سۆرانی و کرمانجی) و ئینگلیزی.

توێژینەوەی ئێتنۆگرافی لەو شوێنانەدا ئەنجامدراوە کە ئەو کەسانە کاری تێدا دەکەن و لەڕێگەی دیمانەی ڤیدیۆیی و بەڵگەی فۆتۆ کاری تێدا کراوە.

ڕاپرسی زیاتر لە ٦٠ کەسی لایەنی پەیوەندیدار: ڕاپرسییەکی نیشتمانییە کە زیاتر لە ٦٠ وەڵام تۆمارکراوە لە سەرانسەری کەرتی ئابووری داهێنەرانە لە عێراقدا بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی (سۆرانی و کرمانجی) و ئینگلیزی و ڕاپرسییەکە لە ٧٠ پرسیار پێک هاتوە، بە شێوازی جیاواز دەتوانرێ شی بکرێتەوە.

ڕاپرسی زیاتر لە ٦٠ کەسی لایەنی پەیوەندیدار: ڕاپرسییەکی نیشتمانییە کە زیاتر لە ٦٠ وەڵام تۆمارکراوە لە سەرانسەری کەرتی ئابووری داهێنەرانە لە عێراقدا بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی (سۆرانی و کرمانجی) و ئینگلیزی و ڕاپرسییەکە لە ٧٠ پرسیار پێک هاتوە، بە شێوازی جیاواز دەتوانرێ شی بکرێتەوە.



هەندێک لە ڕاوێژکارییەکان لە تاووتوێی گرووپی یەک زمان ئەنجامدراون، لە هەندێکی تریش بەشداربووانیان تێکەڵ کراون و بە دوو زمان و سێ زمان و هەندێکجاریش چوار زمان لە یەک کاتدا تاووتوێیان کردووە. بە هەمان شێوە هەندێک لە ووۆرک شۆپەکان بەپێی کەرت و شوێن و ڕۆڵی کەسەکان ڕێک خرابوون، هەندێکی تر لە سەرانسەری پیشەسازییەکان و شوێنەکان و تەمەن و پۆستەکاندا تێکەڵ بوون.
گرنگیدانێکی ورد بە پێشکەشکردنی توێژینەوەی بە بەشدارکردنی هەموو لایەنەکان لەم ڕێبازەدا جەختی لەسەر کرایەوە، چونکە بەبێ ڕێنمایی و تێبینییەکانی عێراقییەکان نەدەتوانرا ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بێ.







# پوختەیەك لە بارەی شارە داهێنەرەکان

شارەکانی عێراق بە کولتوور و داهێنانەوە گەشە دەکەن، هەر لەم شارانەدایە کە زۆربەی چالاکی ئابووری داهێنەرانە لە عێراقدا ئەنجام دەدرێت. ئەم خشتەیەی خوارەوە تێڕوانینێکی گشتی لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکان دەخاتە ڕوو کە لەلایەن شارە گەورەکانی عێراق ئەنجام دراوە کە گرنگی کولتوورییان هەیە، هەر شارێک بەپێی مێژوو و ناوەڕۆکە سەرەکییەکەی و خاڵە بەهێزەکان و پێداویستییەکان و جوڵێنەر و بەربەستەکان پێداچوونەوەی بۆ کراوە.

| | بەغدا (٨,١ م) | موسل (١,٧ م) | هەولێر (١,٦ م) |
|---|---|---|---|
| مێژوو و ناوەڕۆک | بەغدا ناوەندی ئابووری داهێنەرانەی عێراقە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر شارە داهێنەرەکان لە سەرتاسەری وڵات هەیە. وەک پایتەخت زۆربەی پیشەسازییە داهێنەرەکان کاردەکات لەوانەش کەرتەکانی فیلم، ئەدەب، موزیک ، هونەری بینراو و کاری دەست، هەروەها شوێنی زۆرێک لە کۆمپانیا گەورەکان و کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و دامەزراوەکان و کۆمەڵە پیشەسازییەکان و سەندیکاکانی کرێکاران و حکومەتە. لە ساڵی ٧٦٢ی زایینی لەلایەن خەلیفە ئەلمەنسورەوە وەک پایتەختی خەلافەتی عەباسی دامەزراوە. | موسڵ ناوەندی ڕۆشنبیری سەرەکی عێراق و ناوچەکانی دیکەیە. لە هەوڵێکی بەردەوامدایە بۆ ئاوەدانکردنەوەی خۆی لە ساڵی ٢٠١٧ەوە کە ڕزگارکرا، ئەمڕۆش لە سەرهەڵدانێکی ڕۆشنبیری و داهێنەرانەدایە. موسڵ لەلایەن ئاشوورییەکانەوە لە دەوروبەری ساڵی ٨٥٠ پێش زایین دروستکراوە، بۆ ماوەی هەزاران ساڵ بووە یەکێک لە گرنگترین شارە کولتوورییەکانی ناوچەکە. | هەولێر ناوەندێکی نیشتمانییە بۆ ڕۆشنبیری و فەرهەنگ، هەروەها شوێنێکی سەرنجڕاکێشە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. هەولێر گەشەی سەندووە لە کەرتی هونەری بینراو، فۆتۆگرافی، موزیک ، فیلمی دۆکیۆمێنتاری، کاری دەستی و فەرهەنگ و کەلتور، هەندێک لە کارامەیی و کەسانی شارەزا و زیرەکانی زۆر پێشکەوتووی هەیە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکە. یەکێکە لە شارە کۆنەکانی جیهان، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٣٠٠ ساڵ پێش زایین. |



## بەسرا
(١،٤ م)

بەسرە خاوەنی کەرتێکی داهێنەری گەشەسەندووە لە ئەدەبیات و دیجیتاڵ میدیا و دیزاین، هەروەها ناوبانگێکی باشی هەیە لە سۆشیال میدیادا، ناوەندێکە بۆ کەلتووری میللی و موزیک و شیعر و هونەرە بینراوەکان، دوای دوو دەیە لە ململانێ بەسرە ئێستا گەشە دەکات و لە سەرهەڵدانێکی کولتووریدایە. لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامی دامەزرا و بوە شارێکی داهێنەر لەسەر لێواری کەنداوی عەرەبی و رووباری دیجلە و فورات.

## سلێمانی
(٨٧٨ ألف)

سلێمانی شارێکی داهێنەری مۆدێرن و گەشەسەندووە و ناوەندێکی نیشتمانی پێشەنگە لە بواری ڕیکلام و میدیای دیجیتاڵی لە سەرانسەری وڵاتدا، دەزگا کۆمەڵایەتییەکان و کۆمپانیای تەکنەلۆژیای تازەپێگەیشتووی دادەمەزرێت. سلێمانی لە ساڵی ١٧٨٤ دامەزراوە و بووەتە پایتەختی بابانەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئەمڕۆش پایتەختی ڕۆشنبیری کوردستانە.

## کەربەلا
(٦٩٠ ألف)

کەربەلا پایتەختی جیهانی کولتووری ئایینییە کە بە ملیۆنان موسڵمانی شیعە لە سەرانسەری جیهانەوە بە مەبەستی زیارەت و گەشتوگوزاری ئایینی سەردانی دەکەن، هەروەها بەناوبانگە بە زینگەی بنیادنراو و بازارە خۆماڵیەکانی و کاری دەستی. سەرەتا وەک گۆڕستانێک بۆ ئیمام حوسەین کوڕی عەلی نەوەی پێغەمبەر محەمەد کە لە شەڕی کەربەلادا کوژرا دەستی پێکرد.

## دهۆک
(٤٠٠ ألف)

دهۆک شارێکی داهێنەرانەی فرەڕەنگە و فرە کولتورییە لە ئێستادا و لە ڕابردوو، کەرتی بەهێزی هەیە بۆ نموونە لە دیزاین، فۆتۆگرافی، هونەری بینراو، موزیک و کولتووری کەلەپووری. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردین، هاوشێوەی زۆرێک لە شارەکان، دهۆک بەدرێژایی مێژو لە ژێر دەسەڵاتی چەند ئیمپراتۆریەتێک دا بوو. لەم ساڵانەی دواییدا، دهۆک میوانداری زیاتر لە ٣٠٠ هەزار پەنابەری کردووە کە زۆربەیان ئێزیدی و مەسیحین.

| | بەغدا (٨,١ م) | موسل (١,٧ م) | هەولێر (١,٦ م) |
|---|---|---|---|
| **خاڵەکانی هێز** | سەنتەری ئابووری داهێنەرانە لە عێراق<br>ئەندامی تۆڕی شارە داهێنەرەکانی یونسکۆ (شاری ئەدەب)<br>پایتەختی ڕۆشنبیری عەرەبی بۆ ساڵی ٢٠١٣<br>شوێنی گرنگترین بڕیاربەدەستان و وەبەرهێنەران لەسەر ئاستی داڕشتنی سیاسەت<br>سەنتەری فێستیڤاڵ و بۆنە ڕۆشنبیرییەکان<br>ئاسانکەرە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ شارەکانی تر<br>شوێنی کۆمسیۆن پاڵپشتی گشتی وەک سندوقی فیلمی بەغداد | شارێکی گرنگە لە بواری موزیک و فۆتۆگراف و ڕۆژنامەگەری فۆتۆگراف، ناوەندێکی مێژوویيە بۆ گەشتوگوزاری داهێنەرانە و شارێکی گرنگە بۆ شانۆ و سینەمای عێراق<br>ناوەندێکە بۆ بوژاندنەوەی ئابووری داهێنەرانە<br>شوێنی فێستیڤاڵ و دەستپێشخەرییە گەورەکانە وەک مۆنۆدراما، فێستیڤاڵی شەقام و فێستیڤاڵی یونسکۆ "زیندووکردنەوەی ڕۆحی موسڵ" لە ساڵی ٢٠١٨<br>شوێنی هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەیە وەک منارەی ئەلحەدبە و کڵێسای کاتژمێر و کڵێسای ئەلتاهیرە بۆ ساڵی ٢٠٢٢ کە لەلایەن یونسکۆ و ئیماراتەوە پاڵپشتی دەکرێن | ناوەندی ئابوری داهێنەرانەی کوردی عێراقە و پایتەختی ڕۆشنبیری نێودەوڵەتی کوردیە<br>حکومەت و داڕێژەرانی سیاسەتی پشتیوانن<br>ناوەندی گەشتیاری ، پایتەختی گەشتیاری عەرەبی بووە ساڵی ٢٠١٤<br>ناوەندی کەرتی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی<br>هاوکاری نێوان یونسکۆ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر وەک شوێنێکی کەلەپووری جیهانی |
| **ئەولەویەتەکان** | دابینکردنی بودجە و ڕاهێنان بۆ بنیاتنانی تواناکان<br>پێشخستنی ئاڵوگۆڕی کولتووری و هاوکاری لە نێوان شارەکان<br>تەرخانکردنی بودجە بۆ باشترکردنی ژێرخانی<br>پێشکەشکردنی پشتگیری لە سەرانسەری وڵات لە ڕێگەی دیالۆگ | بەکارهێنانی کولتوور لە ئاوەدانکردنەوەی پێکهاتەی کولتووری و کۆمەڵگا و ژێرخانەکان<br>دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەو پارەیەی کە لە ماوەی ناسەقامگیری و ململانێ و گەندەڵیدا ڕاگیرابوو | بەکارهێنانی کولتوور بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتییە ئاراستەوخۆکان لە ئەنجامی ململانێ<br>کەڵک وەرگرتن لە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی گەشەپێدان و کەرتی گەشتیاری بۆ فراوانکردنی ئاستی نێودەوڵەتی |

| بەسرا (١،٤ م) | سلێمانی (٨٧٨ ألف) | کەربەلا (٦٩٠ ألف) | دهۆک (٤٠٠ ألف) |
| --- | --- | --- | --- |
| شارێکە خاوەنی بەها ئاینییەکانە و کلتورێکی کۆمەڵایەتی داخراوە<br>سروشتێکی دەوڵەمەند بە کەلەپور و کاریگەری تەریق کۆمەڵایەتی و خێڵەکی<br>شوێنی پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی شاری کۆنی بەسرە لەلایەن یونسکۆ/ یەکێتی ئەوروپاوە | ناوەندێکی گرنگ بۆ گەشتوگوزاری ناوخۆیی و ڕاگەیاندن و بازارکردن و ریکلام و ناوەندێکی دیار بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نیشتمانی.<br>ماڵی مۆزەخانەی سلێمانی، دووەم گەورەترین مۆزەخانەی عێراقە<br>پایتەختی ڕۆشنبیری کوردستان بۆ ستایشی نیشتمانی و نێودەوڵەتی. | شارێکی پیرۆزە بۆ موسڵمانانی شیعە مەزهەب (مەزارگەی ئیمام حوسەین)، کە زیارەت و کاروانی ساڵانەی گەشتیاری ئاینی و کولتووری تێیدا ئەنجام دەدرێت<br>خاوەنی تەریقی دیزاین و کاری دەستی ئاینییە<br>ناوەندێکی هەیە بۆ بازاڕە باو و کولتوورییەکان | پەیوەندییەکی بەهێز بە میراتی کولتوورییەوە هەیە<br>ناوەندێکە بۆ هونەرە بینراوەکان و موزیک و فیستیڤاڵ و پاڵندانان و دیزاین<br>ماڵی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆک<br>مێژوویەکی ئاهەنگگێرانی  فرەنەتەوەیی و هەمەڕەنگی<br>هاوکاری بەهێزی نێوان کەرتی گەشتیاری و داهێنەر<br>حکومەت و بڕیاردەرانی پشتیوانن |
| ئاراستەکردنی وەبەرهێنان و پاڵپشتی گشتی بۆ بەسرە بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی هەرێمی لە باشوور<br>هاوکاریکردن لە بەهێزکردنی هەماهەنگی و هاوکاری لە سەرتاسەری عێراق و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی<br>گەڕاندنەوەی پشتگیری و بودجە بۆ ئەو ژێرخانیانەی کە لە کاتی شەڕدا ڕاگیرابوون | پەرەپێدانی سیاسەتی کولتووری ناوخۆیی و پشتیوانی لە ئاستی شار و پارێزگاکان<br>پشتگیری بودجە و وەبەرهێنان و گەیشتنی سنووردار بە تەکنەلۆژیا بۆ داهێنەران و هەڵوێستە کولتوورییە نەریتییەکان<br>کەڵک وەرگرتن لە تواناکان لە بواری ریکلام و دیزایندا | پەرەپێدانی سیاسەتی کولتووری ناوخۆیی و پشتیوانی لە ئاستی شار و پارێزگاکان.<br>وەبەرهێنان لە کەرتی هونەری نەریتی و ئاینی و گەشتیاری | بەکارهێنانی کولتوور بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتییە ناراستەوخۆکان لە ئەنجامی ململانێ و مامەڵەکردن لەگەڵ پەنابەران و ئاوارەکان<br>دابینکردنی بودجە و وەبەرهێنان بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵی دهۆک وەک ناوەندێکی داهێنەر و پێشکەشکردنی پاڵپشتی لە سەرانسەری هەرێم<br>کەڵک وەرگرتن لە خاڵە بەهێزەکان لە تواناکان، کەلەپوری کولتووری، گەشتیاری و فرەنەتەوەیی |

| | بەغدا<br>(٨,١ م) | موسل<br>(١,٧ م) | هەولێر<br>(١,٦ م) |
|---|---|---|---|
| **فێستیڤاڵ و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان** | پێشانگای نێودەوڵەتی بەغداد<br>پێشانگای نێودەوڵەتی بەغداد بۆ کتێب<br>فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم (BIFF)<br>فیستیڤاڵەکانی شیعری وەک فیستیڤاڵی جەواهری<br>فیستیڤاڵی هونەرە جوانەکانی تەلواسیق<br>فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم و تەلەفزیۆنی زانکۆی بەغدا<br>فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی گوڵ لە بەغداد<br>فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی بابل | روح الموصل<br>فیستیڤاڵی موزیکی فۆلکلۆری موسڵ<br>فیستیڤاڵی مۆنۆدراما<br>فیستیڤاڵی شەقام<br>فیستیڤاڵی ئاشق لە موسڵ | فیستیڤاڵی ئازادی و نەورۆز<br>فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی هەولێر<br>فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمەکانی کۆچ<br>فیستیڤاڵی خوێندنەوەی هەولێر<br>فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ خواردن |
| **کاریگەرەکان** | شانۆی نیشتمانی<br>قوتابخانەی موزیک و بالێ لە بەغدا<br>پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا<br>ئۆرکێسترای سەمفۆنیای نیشتمانی عێراق<br>مۆزەخانەی عێراق<br>مۆزەخانەی بەغدادی<br>مۆزەخانەی مێژووی سروشتی<br>تیپی گەنجانی کلاسیک لە بەغدا<br>ئۆرکێسترای ئاشق بۆ عودی عێراق (بیت ترکیب)<br>وێستگە " المحطة" | شانۆی ڕابیە<br>مۆزەخانەی موسڵ<br>کۆلێژی هونەرە جوانەکان - زانکۆی موسڵ<br>دامەزراوەی (بیتنا) بۆ کولتور و هونەر<br>ماڵی مەقامی عێراق<br>دەزگای (إحیاء روح الموصل)<br>ئۆرکێسترای وەتەر<br>ئۆرکێسترای میللی موسڵ | قەڵای هەولێر<br>مۆزەخانەی قوماشی کوردی<br>مۆزەخانەی شارستانی هەولێر<br>منارەی موزەفەریە<br>فایڤ وەن لابز<br>قوتابخانەی فۆتۆجۆرنالیزم<br>گەلەری سەیف<br>کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر<br>پەیمانگای گەشەپێدانی بووژانەوە |

| **بەسرا**<br>(١,٤ م) | **سلێمانی**<br>(٨٧٨ ألف) | **کەربەلا**<br>(٦٩٠ ألف) | **دهۆک**<br>(٤٠٠ ألف) |
|---|---|---|---|
| پێشانگای نێودەوڵەتی کتێبی بەسرە<br>فێستیڤاڵی فیلمی بەسرە<br>فێستیڤاڵی شیعری (المربد)<br>کەرنەڤاڵی ڕۆشنبیری بەسرە<br>فێستیڤاڵی شانۆی (نازاران) | فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی<br>فێستیڤاڵی (سسیەیس ٢١) بۆ هونەرە دەنگییەکان<br>فێستیڤاڵی هونەری گەلاوێژ<br>فێستیڤاڵی کاری دەستی ئافرەتان<br>فێستیڤاڵی زستانە | سەردانی چلەی پیرۆز<br>فێستیڤاڵی سرووتەکانی ئیمام سەججاد<br>ڕۆژی جیهانی موزیک | فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆک<br>فێستیڤاڵی ئاکیتۆی ئاشووری<br>فێستیڤاڵی فۆلکلۆری دۆهوک<br>فێستیڤاڵی کولتوری دهۆک |
| مۆزەخانەی بەسرە<br>کۆلێژی هونەرە جوانەکان - زانکۆی بەسرە<br>کۆمەڵەی بەسرە بۆ فەرهەنگ و کولتور و هونەر<br>کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە بەسرە<br>دەزگای ئەلەدا<br>دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی شەهرەیار | مۆزەخانەی سلێمانی<br>دەزگای The Factory<br>فایڤ وەن لابز<br>پەیمانگای هونەرە جوانەکان - سلێمانی<br>کۆلێژی هونەرە جوانەکان (زانکۆی سلێمانی)<br>زانکۆی سلێمانی<br>زانکۆی ئەمریکی لە عێراق - سلێمانی<br>ئینستیتیوتی ڕۆشنبیری کوردی | مۆزەخانەی مەزاری حوسەینی پیرۆز<br>زانکۆی کەربەلا<br>گروپی کەناڵە ئاسمانییەکانی کەربەلا<br>گروپی هونەری لاوانی ئەهلی بەیت | بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری دهوک<br>زانکۆی دهۆک<br>پەیمانگای هونەرە جوانەکان<br>گەلەری هونەری دهۆک (ئارت گالێری)<br>هونەرەکانی سەر شەقام |

# ٤.کەرتە داهێنانکارییەکان

توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە کە چەند شێوازێکی گشتی هەن کەوا لە کەرتە داهێنانکارییەکانیش لە سەرانسەری وڵاتدا بوونیان هەیە. ئەم بەشە ڕووشی کەرتە داهێنانکارییەکان لە عێراق هەڵدەسەنگێنێت. ئەم خشتانەی خوارەوە دۆخی کەرتی داهێنان و پوختەی ئالنگارییە سەرەکییەکانی بەردەم هەر کەرتێک ڕوون دەکەنەوە و هەروەها خاڵەکانی هێزی هەر یەکێکیان دەستنیشان دەکەن کە دەکرێ پشتیان پێ ببەسترێت بۆ چارەسەرکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئالنگاری و بەربەستانە. وردەکارییەکانی ئەم دەرەنجامانە لە ڕاپۆرتی گشتگیری توێژینەوەکەدا هەیە.

| | | سینەما | نوسین و ئەدەب | موزیک | شانۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| دارایی | بەربەستەکان | نەبوونی پارەی ناوخۆیی و وەبەرهێنان و پاڵپشتی دارایی بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و کۆمپانیاکان. | زۆری تێچووی بەڕێوەبردنی کارە بازرگانیەکان و کەمی بودجە لەلایەن بڵاوکەرەوەکانەوە بۆ نووسەرانی نوێ، پەرەپێدانی کار، بەرهەمهێنان، خۆجێیکردن و وەرگێرانی بۆ زمانی بیانی. | نەبوونی وەبەرهێنان لە شوێنەکانی نمایشی موزیکی زیندوو و بەرهەمهێنانی موزیکی تۆمارکراو و دابەشکردن و مۆڵەتدان و بازاڕکردن، و توێژینەوە و پەرەپێدانی داهێنەرانە. | بە گشتی کەمی پاڵپشتی دارایی و وەبەرهێنانی. |
| | خاڵی بەهێز | پیشەسازییەک توانای دەستەبەرکردنی دارایی لە سەرچاوە تایبەت و نێودەوڵەتییەکان و دامەزراوە هاوبەشەکان و هاوپەیمانانی بەرهەمهێنانی هەبێت | وەبەرهێنان و پاڵپشتی دارایی لەلایەن ئەکادیمی و حکومەت و ڕێکخراوە تایبەتە گەورەکانەوە. | کەرتێک کە سپۆنسەری خۆی دەکات کە تا ڕادەیەکی زۆر وابەستە بە هاوڕێ و خێزان و ناسیاوەکانە. | پاڵپشتی لە کەرتی پەروەردەیی و خۆپارەدارکردن و کاری خێرخوازی و کاری خۆبەخشی. |



| کەلەپوری کەلتوری | هونەرە بینراوەکان | کارە دەستییەکان | ڕاگەیاندن و ناوەندە دیجیتاڵیەکان |
|---|---|---|---|
| نەبوونی بودجە بۆ پاراستن و دروستکردنی بەها لە کەلەپوری کولتووری. | نەبوونی وەبەرهێنان لە پەرەپێدانی داهێنان و بەهرە و خول و قوتابخانەی هونەری، بە کەم سەیرکردنی بەهای هونەری عێراقی و کەمی سەرچاوە ی دارایی بۆ گەشەپێدان. | ئێچووی زۆری ئەنجامدانی کاروباری بازرگانی لەوانەش کەرەستە و گەیاندنیان و کۆگاکردن ، و کەمی وەبەرهێنان لە توێژینەوە و پەرەپێدان و بەرهەمهێنان و بازاڕکردن و فرۆشتن و دابەشکردن. | نەبوونی وەبەرهێنان لە سەرچاوە مرۆییەکان، توێژینەوە و پەرەپێدان، بەرهەمهێنان و ئامادەیی بۆ وەبەرهێنانی بازرگانی. |
| وەبەرهێنان و گرنگیدانێکی بەرچاو لەلایەن خەڵکی ناوخۆیی و جیهانی، هاوبەشانی گەشەپێدان، و ئەکادیمییەکان. | زیادکردنی خۆبارەدارکردن ، سپۆنسەری خێرخوازی، سپۆنسەری کۆمپانیاکان لە پێشانگەکاندا، و پەرەپێدانی بازار. | کەرتێکی پێشەنگ کە توانای فراوانبوونی هەیە | کەرتێکی پێشەنگ کە پاڵنەرێکە بۆ بەدەستهێنانی ئامادەیی وەبەرهێنان، فراوانکردنی بازنەی کارەکان و پەرەپێدانی گەڕانەوەی سەر وەبەرهێنان . |

| تواناکان | | سینەما | نوسین و ئەدەب | موزیک | شانۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| | بەربەستەکان | کورتهێنان لە لێهاتووی بەرز بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی سینەمایی و فێرکاری پیشەیی. | نەبوونی لێهاتووی و هەلی ڕاهێنان لە بواری نووسین، بازرگانی، فرۆشتن، دیزاین و بازارکردن. | نەبوونی توانای داهێنەرانە و هونەری، تیۆری موزیکی، ڕاهێنان، قوتابخانەی موزیک و دەرفەتی ئەزموونی پراکتیک لە دروستکردنی موزیک، نمایشی ڕاستەوخۆ، تۆمارکردن، و پەرەپێدانی پیشەیی. | نەبوونی لێهاتووی تەکنیکی و دەرفەتی ڕاهێنان لە سیناریۆنووسی و دەرهێنان و بەرهەمهێنانی شانۆ بە گشتی و نەبوونی دەرفەتی پراکتیکی لە دەرەوەی خوێندنی فەرمی |
| | خاڵی بەهێز | کۆمەڵێک بەهرەی بەتوانا و بە جۆش کە پشت دەبەستن بە داهێنەران. | تێکەڵەیەک لە سەرکردە دێرینەکانی پیشەسازی لەگەڵ تازە پێگەیشتووەکان ، هێزی کاری دینامیکی و پەیوەندی بەهێز لەگەڵ ئەکادیمیاکان. | شێواز و تەکنیکە موزیکە دینامیکییە هەمەجۆرەکان کە تایبەتن بە هەردوو جۆری تەریق و باو. | پەیوەندی بەهێز لەگەڵ کەرتی پەروەردە، خۆفێرکردن، فێربوون و ڕاهێنان لە شوێنی کار، و کاری دەستی. |



| کەلەپوری کەلتوری | هونەرە بینراوەکان | کارە دەستییەکان | ڕاگەیاندن و ناوەندە دیجیتاڵییەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| نەبوونی لێهاتوویی تەکنیکی و داهێنەرانە و بازرگانی لە کەلەپوری کولتووریدا لەوانە پاراستن و پێشکەشکردنی و ڕونکردنەوەی و گەشتیاری و فرۆشتن و بازارکردنی و حوکمڕانی. | نەبوونی لێهاتوویی و دەرفەتی فێربوونی کردەیی لە تەکنیکەکانی هونەرە بینراوەکان لە ڕێگەی قوتابخانە و خولەکانی هونەرەوە. نەبوونی لێهاتوویی بەڕێوەبردنی پرۆژە و شێوازی ڕاهێنانی کۆن. هەروەها هەبوونی بۆشایی لە تەکنیکی هونەری نوێ و شێواز و ئاراستەکان و کاریگەرییەکان | نەبوونی لێهاتوویی بازرگانی وەک مارکێتینگ و دیزاین. نەبوونی کرێکاری بەرهەمهێنان و لێهاتوو لە بواری دیجیتاڵی. ڕێژەی بەرزی دەستلەکارکێشانەوە و گۆڕینی کار. | نەبوونی توانای داهێنەرانە و تەکنیکی و بازرگانی. نەبوونی ڕاهێنانی پیشەسازی لە ئاستی ستانداردی پیشەسازی. بەرزی ڕێژەی دەستلەکارکێشانەوە و گۆڕینی کار، و تێچووەکەی و ئاستی زیادبوونی ڕاهێنانی نافەرمی و ڕاهێنان لەکاتی کار. |
| هێزی کرێکاری ئاست بەرزی جیهانی، ئەزموونی جیهانی، شارەزا لە شوێنەوار و ئەنترۆپۆلۆژی، و پەیوەندی بەهێز لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمیا جیهانی یە تایبەکان. | قوتابخانە پیشەنگەکانی جیهان لە بواری خۆشنووسی، مامۆستایانی پیشەیی و بەرنامەکانی هونەری بینراو. | سەرکردە بە ئەزموون و پاڵنەرەکان بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدانی هێزی کار و پلاندانانی جێنشینی کارمەندان. | بەربەستی چوونە ناوەوەی ئەم بوارەدا کەمە. هێزی کاری نافەرمی، بەردەست، هەمەجۆر و دینامیکی . هاوتا لەگەڵ ڕەوتە جیهانییەکان و ڕێبازە کێبڕکێکارەکان. |



## بازاڕ و فرۆشیاری

| | سینەما | نوسین و ئەدەب | موزیک | شانۆ |
|---|---|---|---|---|
| بەربەستەکان | کەمی ڕاژەی بینەر ، قەبارەی بازاڕ، کەمی خواست لەسەر فیلمە عێراقییەکان، نەبوونی دەرفەت بۆ نمایشکردنی فیلمی عێراق، نەگەیشتنی گشتی لە ناوەڕۆکی عێراق، کەمی بینەری ناوخۆیی، نەبوونی سینەمای نمایشکردنی فیلمی عێراق، ئەستەمی گەیشتن بە فیستیڤاڵەکانی فیلم و بازاڕ و تۆڕەکانی دابەشکردن. | بازاڕێک کە چەندین زمان و کولتوور و ناوچەی تێدایە، پرسی کۆچبەری، بەتایبەتی کۆچی بەهرەمەندە ناوخۆییەکان، تێچووی وەرگێران، نەبوونی پەرەپێدانی خوێنەران، و فرۆشتنی دیجیتاڵی. | قەبارەی بازاڕ سنووردارە ، نەبوونی موزیکی ڕاستەوخۆ و تۆمارکراو، نەبوونی دابەشکردنی موزیک، مۆڵەتی هاوکاتکردن و بڵاوکردنەوە، و دەرفەت و شوێنی سنووردار بۆ موزیکی ڕاستەوخۆ و پەرەپێدانی بینەر. | قەبارەی بازاڕ سنووردار، خواستی بینەر، بازاڕکردن و وەرگرتن. |
| خاڵی بەهێز | خواست لەسەر ناوەڕۆکی عێراق لە زیادبووندایە، لەگەڵ زیادبوونی خواستی جیهانی و پەیوەندی بەهێز لەگەڵ کەرتی ڕیکلام و میدیای دیجیتاڵی، هەروەها تۆڕی سینەما لە سەرانسەری وڵات کە دەتوانن ببنە ناوەند بۆ کەرتی سینەما. | ئەدەب و شیعر هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەی عێراق گرتووەتەوە بەو پێیەی عێراق ناسراوە بەماڵی نووسەران و بڵاوکەرەوەی ئەدەبی سەرکەوتوو و کتێبفرۆش و فیستیڤاڵ و فراوانکردنی فۆرمی نوێی نووسین بە کەڵک وەرگرتن لە پلاتفۆرمی جیاواز و میدیای نوێ. | کەرتی موزیکی زیندووی گەشەسەندوو لە کەرتە لاوەکییەکانی موزیکی نەریتی و کلاسیک و باودا، چونکە کەرتێکە کە چەندین سوود و تایبەتمەندی هەیە. | بەیەکگەیشتن و ئاوێتەبوونی نەریتەکانی شانۆ و سەما لەگەڵ کولتووری فەرنگی و گەشتیاری و ئەدەب و موزیک و شانۆدا، چارەسەری پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگا، شوێنە ئاوارەکانی سەردەمی هاوچەرخ و کۆن و خەونەکانی دەرفەتی دیجیتاڵی. |

| کەلەپوری کەلتوری | هونەرە بینراوەکان | کارە دەستییەکان | ڕاگەیاندن و ناوەندە دیجیتاڵیەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| نەبوونی هۆشیاری خەڵک و گەشەپێدانی ، کەرتی گەشتیاری تازەپێگەیشتوو ، نەبوونی تەرخان بۆ سەردانکەران، کەمی ڕووماڵی میدیایی، و هاوکاری سنووردار لەگەڵ ئابووری داهێنەری فراوانتر. | کەمی خواستی ناوخۆیی و توانای دۆزینەوەی بەهرەمەندەکان، بازرگانی و بازاڕکردن، و سنووردارбوونی پلاتفۆرمی فرۆشتن و کەناڵەکانی دابەشکردن. | قەبارەی بازاڕی ناوخۆیی سنووردار، گەیشتن بە بازاڕی نێودەوڵەتی، کێبڕکێی نێودەوڵەتی، نیشانە بازرگانییەکان، و دڵنیایی کوالیتی. | خواستی ناوخۆیی سنووردار، تێگەیشتن لە بەها و کەم ترخاندنی ، لەگەڵ کێبڕکێی نێودەوڵەتی، نەبوونی دڵنیایی کوالیتی، و کێبڕکێ لە بازاڕی ناوخۆیی زیانبەخشدا |
| گەشەسەندنی خواستی ناوخۆیی و جیهانی، کەرتی گەشتیاری تازەپێگەیشتوو، پشتیوانی حکومی و نێودەوڵەتی. | پەرەسەندنی خواست لەسەر شێوەکانی هونەری کلاسیك و نوێ، گەشەسەندنی دیمەنی خەتی کلاسیک و فۆلکلۆر، زیادبوونی پەیوەندیی سۆشیال میدیا و خواستی بەردەوام لەلایەن کۆکەرەوەی کارە هونەرییەکان کە لە دەرەوەی وڵات دەیانکڕن. | خواستێکی زۆر لەسەر مۆبیلیاتی عێراقی و فرۆشتنیان لە پێشانگاکان بۆ هۆتێلەکان و باڵیۆزخانەکان و فرۆکەخانەکان و بازارە باوەکان، بازاڕی گەشتیاری پێگەیشتوو و پەرەسەندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ کەرتی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی. | کەرتێکی تازەپێگەیشتوو بە توانای گەشەسەندنی ناخۆیی، گەیشتن بە ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە سەرانسەری بازارە کوردی و عەرەبی و هەرێمایەتییەکان، کەمی تێچووی کارەکان و دەستراگەیشتن بە ئاراستە جیهانییەکان. |

| | | سینەما | نوسین و ئەدەب | موزیک | شانۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| سیاسەتەکان | بەربەستەکان | دەزگاکانی فیلمی گشتی پشتگیری سیاسی و ڕێنمایی ڕێکخراوەیی و سیستەمی هەڵسەنگاندن و ئەرشیفیان نییە. لەگەڵ خراپتربوونی بێبایەخکردنی گشتی بۆ ئەو کەرتە | نەبوونی پشتیوانی سیاسی ئەدەبی و کەمی نوێنەرایەتی پیشەسازی لە ڕێگەی چەند کۆمەڵە و سەندیکایەکەوە | کەمی پشتیوانی لە ئاستی سیاسەتدا، بە کەم سەیرکردنی گشتی بۆ کەرتەکە، بەربەستە کۆمەڵایەتی و خێزانی و تەندروستی و سەلامەتییەکان بەتایبەتی بۆ ژنان و گروپە پەراوێزخراوەکان. | نەبوونی هەماهەنگی پیشەسازی و بانگێشت و بەشداریکردن لە ئاستی سیاسەتەکاندا. |
| | خاڵی بەهێز | زیادکردنی بایەخدان بە پیشەسازییە میدیاییەکان لەلایەن بڕیاردەرانەوە و زیادکردنی پشتیوانی حکومەت | بەرزترخاندنی بەهای ئەدەب بە شێوەیەکی بەرفراوان و هاندانی سەرکردەکانی ئەم کەرتە بۆ پشتگیریکردن و نوێنەرایەتیکردنی کەرتەکە و ئامادەیی بۆ بانگێشتکردن و هاوکاریکردن و قسەکردن بە دەنگێکی بەکۆمەڵ. | پەیوەندی بەهێز لەگەڵ کەرتی گەشتیاری و میوانداری و گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و پەیوەندی لەگەڵ گەشتیاریی کولتووریی ئاسایی و ئاینی و هونەرەکانی گۆرانی و قورئان خوێندن و بۆنە و ئاهەنگەکان. | گرنگیپێدانێکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی بەهێز و هەبوونی خواست بۆ پشتگیریکردنی ئەولەویەتەکانی سیاسەت و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان. |

| کەلەپوری کەلتوری | هونەرە بینراوەکان | کارە دەستییەکان | ڕاگەیاندن و ناوەندە دیجیتاڵیەکان |
|---|---|---|---|
| پێکهاتەی ئاڵۆزی حوکمڕانی و دیمەنی سیاسی و ژینگەی ڕێکخستن و کەمی هۆشیاری گشتی و پشتیوانی و هەماهەنگی پیشەسازی، هەڕەشەی ئەمنی، ئالنگارییەکانی بەردەم شوێنەکان (دزی، لەناوچوون، بەکاربردن)، گرفتەکانی دەستڕاگەیشتن و خاوەندارێتی شوێنەکان و بەرهەمە دەستییەکان. | نەبوونی پشتیوانی لە ئاستی سیاسەت و ستراتیژەکان، بە کەم سەیرکردنی گشتی بۆ کەرتەکە، کەلێنی نێوان نەوەکان و پچڕانی پەیوەندی نێوان هونەرە کلاسیک و مۆدێرنەکان. | بەربەستەکانی زنجیرەی دابینکردن، کەمی کەرەستە و ئامێرەکان، بەرزوەبردنی هاوردەکردن، باج، گەیاندن و کۆگاکردن، فرۆشتنی ئۆنلاین، ڕێکخستنی بانکی دیجیتاڵی. | نەبوونی هەماهەنگی و هاوکاری و نوێنەرایەتی و داکۆکیکردن لە بوارەکەدا. |
| حکومەتێکی پاڵپشت و هاندەر، وەبەرهێنانی گەورەی نێودەوڵەتی و یارمەتی دەرەکی، سەرکردایەتی و شارەزایی جیهانی، پشتیوانکردنی ئەولەویاتە سیاسییە بەرفراوانەکان و تێکەڵبوون لەگەڵ ئاوارەکان و ڕاگوێزراوان. | دامەزراندنی کۆمەڵە و سەندیکای پیشەیی کە نوێنەرایەتی شێوازە هونەریە نەریتی و مۆدێرنەکان دەکەن. | سەرکردایەتی هاوبەش و هەماهەنگ و هاندەر بۆ فەرمیکردنی نوێنەرایەتی پیشەیی و دامەزراندنی کۆمەڵە و گرنگیدان بە چارەسەرکردنی ئەولەویەتەکانی سیاسەت و گەشەپێدانی بەردەوام و پشتگیریکردنی هاوبەشەکانی گەشەپێدانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی. | خواستی بەهێز بۆ هەماهەنگی و پەرەپێدانی کۆمەڵە پیشەییەکان و تەواوی کەرتەکە بەگشتی، بنیاتنانی توانا و نوێنەرایەتی و داکۆکیکردن |

| | | السينما | الكتابة والأدب | موسيقى | المسرح |
|---|---|---|---|---|---|
| بنى تحتية | التحديات | نقص شركات الإنتاج والاستوديوهات والمسارح الصوتية ودعم المواقع والمعدات وقنوات التوزيع. | ارتفاع التكلفة والحاجة إلى استيراد الطباعة والشحن والرسوم الجمركية والمكتبات المهملة والبنى التحتية الرقمية. | عدم وجود بنى تحتية مخصصة للموسيقى وسلاسل توريد محدودة للموسيقى والاستديوهات والنشر والتوزيع والافتقار إلى مراكز قطاع الموسيقى وأماكن الأداء الحي والبروفات وصعوبة الوصول إلى الآلات الموسيقية والمعدات والكتب والافتقار إلى سلاسل التوريد المحلية والدولية المترابطة. | عدم وجود بنى تحتية مخصصة لقطاع المسرح مثل مساحات البروفات والتدريب والمنتجين التجاريين والمهرجانات المسرحية والجمعيات الصناعية. |
| | نقاط القوة | إتباع نهج الصناعة اليدوية والتنسيق غير الرسمي وتقاسم الموارد. | إنشاء سلاسل توريد محلية ودولية وتنسيق الروابط بين الناشرين والكتاب وبائعي الكتب والفعاليات الأدبية. | المطاعم والمقاهي والفنادق والمهرجانات هي الأماكن الرئيسية للموسيقى الحية بحكم الأمر الواقع استوديوهات التسجيل المهنية والمنزلية في المدن الكبرى والروابط مع صناعة الموسيقى المسجلة العربية والكردية (بشكل رئيسي المملكة العربية السعودية وتركيا) وشبكة راسخة من النقابات الممثلة لصناعة الموسيقى. | أماكن فريدة من العصور القديمة والمعاصرة ومواقع التراث الثقافي والمطاعم والمقاهي والفنادق والجامعات في جميع أنحاء البلاد وعودة ظهور المهرجانات المسرحية والاهتمام المتزايد بالبنى التحتية الرقمية. |

| التراث الثقافي | الفنون المرئية | الحرف اليدوية | الإعلان |
|---|---|---|---|
| عدم وجود بنى تحتية بشكل عام ومرافق ومعدات لتوثيق وأرشفة وحفظ وترميم وعرض واستغلال القطع الأثرية والمواقع. | نقص في صالات العرض والمساحات وفرص الإنشاء والبيع والبنى التحتية الرقمية للمبيعات والتوزيع عبر الإنترنت والمراكز الإبداعية والوصول إلى المواد والمعدات والأدوات ومساحات العمل بأسعار معقولة. | عدم الوصول إلى المواد والأدوات والمعدات للإنتاج والاعتماد على الواردات وارتفاع تكلفة نقل البضائع ونقص البنى التحتية للمبيعات الرقمية عبر الإنترنت.!!!!! | عدم وجود مساحة عمل ميسورة التكلفة وأدوات ومعدات للإنتاج السمعي المرئي وصناعة ناشئة مع العديد من الشركات الجديدة ونقص الشركات الرائدة العالمية. |
| رائداً عالمياً في حجم ونوعية مواقع التراث الثقافي والتحف ورائداً ناشئاً في علم الآثار والأنثروبولوجيا وانتعاش قطاع المتاحف. | مدارس رائدة في الفن والخط وفن معاصر ومتزايد وإنشاء صالات عرض وزيادة فرص العرض في المدن الكبرى. | قطاع عالي التنسيق والتعاون والقدرة على تقاسم الموارد وتحقيق وفورات الحجم. | قطاع سريع النمو على مدى السنوات الـ ٥١ سنة الماضية مع خبرة محلية ودولية تتجمع في المدن الرئيسية في بغداد وأربيل والسليمانية والبصرة. |

# سینەما

کەرتی سینەمای عێراق لە گەشەسەندنێکی بەردەوامدایە، بەو پێیەی لە ماوەی دەساڵی ڕابردوودا سەرهەڵدانێکی بەخۆیەوە بینیوە و لەم چەند ساڵەی دواییشدا شەپۆلێکی نوێی سینەمای عێراق لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق سەری هەڵداوە، سەرکەوتنەکانی پەیوەستە بە ڕێکلام و دیجیتاڵ میدیا و سۆشیال میدیا و سوودمەندبوونی لە چیرۆک و گێڕانەوەکان بە شێوەیێکی هونەری.

گێڕانەوەی چیرۆکەکان لە ڕێگەی سینەماوە بووەتە هۆی گەشەکردنی ئەم کەرتە ، خواستێک لە نێو ئەندامانی ئەم کەرتەدا هەیە بۆ پشتیوانیکردن لە پەرەپێدان و گەشەپێدانی نیشتمان و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئەرێنی بەو پێیەی کە ئامانجی ئەم کەرتە دروستکردن و کۆمەڵگایەکی گشتگیر و ئاوەدانە.

پێشتر لە ژیانی زۆربەی عێراقییەکاندا سەرچاوەی سینەما و تەلەفزیۆن بە شێوەیەکی سەرەکی بریتی بوو لە دەرەوەی وڵات، تەنانەت چیرۆکە عێراقییەکانیش بە چاوی دەرەوەی وڵات بۆ عێراقییەکان دەگێڕدرانەوە، بەڵام عێراقییەکان دەیانەوێت کە خۆیان چیرۆکی تایبەتی خۆیان بگێڕنەوە و بیبیستن. ئەو چیرۆکانەی لە ڕێگەی فیلمەوە دەگێڕدرێنەوە سەبارەت بە ململانێ و خۆڕاگری و بنیاتنانەوە، لە کاتێکدا فۆرمی هونەر بەرەو چیرۆکگێڕانی ورووژێنەر و بوێرانە و داهێنەرانەتر دەڕوات.

سەرەتاکانی ئەم کەرتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٢٠ کە بینەران بەشێک لە یەکەم سینەماکانی وڵاتیان پڕکردەوە وەک سینەما بەناوبانگەکەی (دار الزوراء) لە شەقامی ڕەشید لە بەغدا. لە ماوەی ساڵانی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، فیلمە دروستکراوەکانی عێراق لەگەڵ دامەزراندنی ستۆدیۆ ناوخۆییەکان گەشەیان کرد، دواتر ئەم چالاکییە لە ساڵانی شەستەکانەوە تا هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دابەزینی بەخۆیەوە بینی، کاروباری ئەم کەرتە لە ماوەی ساڵانی نەوەدەکاندا بە تەواوی تێکچوو بەهۆی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، دواتر لە ماوەی ساڵانی ململانێی لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٧ بە تەواوی لە کارکەوت.

ئەمڕۆ کەرتەکە خەریکی دروستکردنی سیستەمێکی پشتیوانییە بۆ پیشە و بزنسە سەرکەوتووەکان لەم بوارەدا. بۆ نموونە فیلمی "باخچە هەڵواسراوەکان" لە فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی فیلمی ڤینیسیا و دەریای سوور لە ساڵی ٢٠٢٢ نمایشکرا، لە هەمان کاتدا فیلمی "شەقامی حەیفا" لە ترێبیکا و بوسان و قودس ستایشی زۆری لێکرا و لە ساڵی ٢٠١٩ لەلایەن کۆمپانیای نێتفلێکسەوە بڵاوکرایەوە. فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨ دامەزرا. دامەزرێنەرەکانیش هەڵساندن بە دروستکردنی "کۆمەڵەی حەبیبی" بۆ ژنانی دیاسپۆرای باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئەفریقا SWANA، لەگەڵ دروستکردنی هەروەها "شاشە موڤیز" کە یەکەم خزمەتگوزاری پەخشی سەربەخۆیە بۆ سینەمای SWANA





ئەمەی خوارەوە پوختەیەکە لەسەر بەربەستە سەرەکییەکان و پێشنیارەکان. هەڵسەنگاندنێکی فراوانتر بە وردەکاری زیاترەوە لە ڕاپۆرتی گشتگیر توێژینەوەکەدا هەیە.

| بەربەستی سەرەکی | پێشنیارەکان |
|---|---|
| کەمی پاڵپشتی دارایی، لەوانەش پاڵپشتی دارایی گشتی و وەبەرهێنانی تایبەت | وەبەرهێنان لە دابینکردنی دارایی بەرهەمهێنانی فیلم.<br>بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بەها و تێگەیشتنی کەرتەکە.<br>پەرەپێدانی تواناکانی کارکردن و ئامادەباشی وەبەرهێنەران بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان |
| نەبوونی لێهاتوویی تایبەت بە کەرتی سینەما | پشتگیری ڕاهێنانی تایبەت بە فیلم بۆ تواناسازی تەکنیکی و داهێنانکاری و بازرگانی، لەوانەش ڕۆڵبینین و بەبازاڕکردن لە سەرووی هێڵ و خوارەوەی هێڵی پیشەیی LTA و LTB. |
| نەبوونی گەشەپێدانی بازاڕ و فرۆشتن | بەکارهێنانی سینەماکان لە سەرانسەری عێراق وەک ناوەندێکی هەرێمایەتی بۆ بەستنەوەی پیشەسازی سینەما و نمایشکردنی فیلمە عێراقییەکان.<br>پەرەپێدان و بەبازاڕکردنی کەرتی سینەمایی عێراق لە فێستیڤاڵەکان و بازاڕەکانی فیلم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. |
| سەختی دەستگەیشتن بە شوێنەکانی وێنەگرتن و پشتگیری بەرهەمهێنان | دروستکردنی ئۆفیسی فیلم یان تۆخمە سەرەکییەکانی وەک مۆڵەتی فیلم. |



# نمونەی توێژینەوەی بچووک: موهەنەد ئەلکاتب

موهەنەد هونەرمەندێکی عێراقییە لە بواری ئەنیمەیشن (فلمی کارتۆنی) کار دەکات، لە کاتی ململانێی موسڵ لە شەڕی ناوخۆی عێراق و ڕزگارکردنی لە دەستی داعش پرۆسەکەی بە دۆکیومێنت دەکرد. ئەو لەگەڵ تیمی دژە تیرۆری هێزە ئەمنییەکان کاری کردووە بۆ ئەوەی بەرهەمەکە تا دەتوانرێت واقیعی بێت - وەک تۆمارکردنی دەنگی تەقەی ڕاستەوخۆ. لەبەر ئەوەی کە کەموکورتی هەبووە لە زنجیرەی دابینکردنی پێداویستیەکانی کەرتی ئەنیمەیشن لە عێراقدا، بۆیە لەگەڵ هاوبەشە لوبنانییەکان هەماهەنگی دەکرد. ئەنیمەیشنەکەی پلەی سێیەمی لە خەڵاتی ئەنیمەیشنی ئوستralیا بەدەستهێنا.



# ٤.١ نووسین و ئەدەب

ئەدەب فۆرمێکی فەرهەنگیی بەربڵاوە کە کاریگەری لەسەر ژیانی هەموو عێراقییەک هەیە. ئەدەب بیرۆکەکان لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا لە قاڵب دەدات و بیرکردنەوە و هەستەکان بە یەکسانی بۆ خوێنەر و نووسەر دەردەبڕێت و لە هەمان کاتدا کولتوور دەپارێزێت و تێگەیشتن لە نێوان کولتوورەکاندا بەرەوپێش دەبات. ئەدەب فاکتەری سەرەکییە لە زۆرێک لە کەرتە داهێنەرانەکاندا، لەوانەش فیلم، تەلەفزیۆن، شانۆ، مۆزیک، دیجیتاڵ میدیا و ڕیکلام.

فەرهەنگی ئەدەبی عێراق بێهاوتایە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر بۆ داستانی گیلگامێش و لەو کاتەوە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر وشەی نووسراو هەبووە. ئەدەب لە عێراق ئەمڕۆدا بە شیعر و پەخشان ناوبانگی دەرکردووە، زۆرێک لە نووسەرانی هەردوو جۆرەکەش ناوبانگیان هەیە. یەکێک لە باوکە ڕۆحییەکانی ئەدەبی عێراق، موتەنەبی، شیعرەکانی بەخشیوەتە سەردەمی زێڕینی ئیسلامی لە سەدەی دەیەم لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیدا.

تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت ئەدەب گرنگییەکی زۆری هەیە لە لە کۆمەڵگای عێراقیدا. شاعیرانی هاوچەرخی عێراق وەک (محمد الجواهیری و بدر شاکر السیاب و لمیعه عباس عمارة) بە شێوازی دینامیکی مۆدێرن درێژە بە نەریتە کۆنەکان دەدەن. یەکێک لە دیارترین شێوازی شیعرەکان شیعری میللییە کە لە ڕووی مۆزیکەوە بە کەڵک وەرگرتن لە دەنگی شەقام ستایل دەکرێت. شاعیرانی بەناوبانگی عێراق لەم شێوازە دا بۆ نموونە عریان السید خلف و مظفر النواب و کاظم إسماعیل کاریگەرییان لەسەر ئەم فۆرمەی شیعر هەبووە و پەرەیان پێداوە.

زۆرێک لە نووسەرە ناسراوەکانی عێراق ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کرد، وەک أحمد السعداوی براوەی خەڵاتی نێودەوڵەتی ڕۆمانی عەرەبی بۆ ڕۆمانی (فرانکنشتاین فی بغداد)، إنعام کجه جی، موحسین الرملی، سنان أنطون، علی بەدر، هەندێکی دیکەشیان مانەوە، وەک عبدالخالق الرکابی (ڕۆژی حەوتەم بۆ داهێنان).

بەغدا بە شاعیر و قورئان خوێن و خۆشنووسەکانییەوە ناوبانگی لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیدا هەیە. لە ڕاستیدا بۆ هەر ئاهەنگێکی هاوسەرگیری، یاخود پرسە یان هەر بۆنە و مەراسیمێک، زۆرجار شاعیر یان قورئانخوێن دامەزراون. لەم ڕوانگەیەوە دەربڕینی عەرەبی "میسر دەنووسێت، لوبنان بڵاوی دەکاتەوە، عێراقیش دەخوێنێتەوە" گشتگیری کەرتی ئەدەبی لە عێراقدا کەمدەکاتەوە. بۆیە دەربڕینەکەی تری بەناوبانگی عەرەبی لە بەرامبەر ئەم دەربڕینەدا هەیە کە دەڵێت "شیعر لە عێراق لەدایک بووە، لە سوریا ژیاوە و لە میسر مردووە"، ئەم دەربڕینەش لە کەرتی ئەدەبی عێراقدا زۆرتر بەرگوێ دەکەوێت.





ئەمەی خوارەوە پوختەی بەربەستە سەرەکییەکان و پێشنیارەکانی ئەم کەرتەن. هەڵسەنگاندنێکی فراوانتر لە ڕاپۆرتی گشتیکیری توێژینەوەکەدا بەردەستە.

| بەربەستە سەرەکییەکان | پێشنیارەکان |
| --- | --- |
| نەبوونی پەرەپێدانی بازاڕ و فرۆشتن بۆ بڵاوکراوەی عێراق | پێشکەشکردنی ڕاهێنان بۆ بڵاوکردنەوە و فرۆشتن و بەبازاڕکردن.<br>هاندانی چاپی عێراق لە پێشانگاکانی کتێب و بازاڕ و کۆنفرانسەکانی جیهان بۆ ئەوەی دەرفەتێک بۆ عێراق بۆ میوانداریکردنی بازاڕێکی گەورە بڕەخسێنێت.<br>پشتگیریکردنی زیاتری وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی هەناردەکان و هاوردەکان لەگەڵ بازاڕە جیهانییەکان.<br>عێراق ببێ بە ناوەندێکی جیهانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە کوردییەکان.<br>پشتگیریکردنی قوتابخانە و کتێبخانەکان بۆ هاوکاری لەگەڵ بڵاوکەرەوەکان (و نووسەران) لەسەر بابەتی پرۆگرامەکانی خوێندن و پەرەپێدانی تواناکان و بەرزکردنەوەی هۆشیاری کەرتەکان.<br>هەماهەنگی کەرتی ئەدەب لەگەڵ کەرتەکانی تری پەیوەست بە ئاڵوگۆڕی کولتووری.<br>وەبەرهێنان لە بازاڕی فرۆشتنی دیجیتاڵی.<br>باشترکردنی ژینگەی ڕێکخستن بۆ ئەوەی فرۆشتن، پارەدانی ئەلیکترۆنی دیجیتاڵی و خزمەتگوزارییەکانی بانکی ئەلیکترۆنی ئاسانتربێت. |
| نەبوونی دەرفەتی بڵاوکردنەوە بۆ نووسەران (بەتایبەت بۆ نووسینی داهێنەرانە، کە نوێنەرایەتی گرووپە کەمینەکان دەکات) | پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی و تەکنیکی بۆ پرۆژە و کارەکانی بڵاوکەرەوەکانی عێراق.<br>پشتگیری لە بنیاتنانی توانای کۆمپانیاکانی بڵاوکردنەوە.<br>وەبەرهێنان لە پەرەپێدانی نووسەر لە ڕێگەی خول و وۆرک شۆپەوە.<br>پشتگیری کردن لە پرۆژەکانی بڵاوکردنەوە لە ڕێگای ئاراستەکردنیان بۆ ناوەڕۆکی هەمەڕەنگ و داهێنەرانە تەنانەت لەو نوسەرانەی کە سەر بە کەمینەکانن |
| تێچووی زۆری چاپ و گەیاندن | پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە هاوبەشەکانی سەرچاوەکانی چاپکردن و ئامێرەکان و ئامرازەکان و کەرەستەکان و گواستنەوە.<br>گەڕان بەدوای بڕی زیاتر بۆ پشتگیریکردنی چاپکردن لە عێراق. |



**شیعر لە عێراق لەدایک بووە، لە سوریا ژیاوە و لە میسر کۆچی دوایی کردووە.**

دەربڕینێکی عەرەبیە

# ٢.٤ موزیک

موزیک یەکێکە لە گەورەترین و بەرزترین هونەرەکان لە ئابووری داهێنەرانەی عێراقدا. موزیکی ناوخۆیی لە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا زۆر بەناوبانگە و کولتووری نەریتی و هاوچەرخ بەیەکەوە دەبەستێتەوە و وەک پردێک بۆ زمان و کولتوور و ناوچە جوگرافییەکان و نەوەکان کاردەکات. موزیک بەشدارێکی سەرەکییە لە کەرتەکانی تری داهێنەر (سینەما، شانۆ، ریکلام و دیجیتاڵ میدیا)، هەروەها یەکێکە لە کەرتە داهێنەرە گەورەکانی عێراق کە بە کەمترین رێژە پێشکەوتنی بە خۆوە دیبێ. بە پشتگیرییەکی ورد و داڕێژراو، دەتوانێ گەشە بکات و ئارمانجی راستەقینەی خۆی بپێکێت.

عێراق تایبەتمەندی ئەوەی هەیە کە وڵاتێکی موزیکیە، هەندێک لە کۆنترین ئامێرە موزیکەکانی دروستکردوە لەوانەش عود (هاوتای گیتار) و هارپ، کە کۆنترین ئامێری زیندارە و زیاتر لە ٤٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر دروست کراوە. شێوازی عود ژەنینی عێراق بۆ چەندین سەدە تا ئێستا کاریگەری لەسەر موزیک لە جیهانی عەرەبیدا هەبووە. ئاوازە رۆژهەڵاتیە ناوازەکەی عێراق ناسراو بە "مەقام" کاریگەری لەسەر زۆرێك لە نەوەکانی موزیکژەنان لە سەرانسەری جیهاندا هەبووە و ئێستا لە لیستی کەلەپووری رۆشنبیری نامادی یونسکۆدا تۆمارکراوە.

موزیک عێراقییەکان بە رابردوو و ئێستا و داهاتوویانەوە دەبەستێتەوە. رەوتەکانی ئێستا لە تێکەڵبوونی نەریتە عێراقییەکان لەگەڵ کولتوورەکانی جیهان دروست بووە و بەو هۆیەوە دەنگ و چیرۆکی نوێ دروست دەبێت.





ئەمەی خوارەوە پوختەی بەربەستە سەرەکیەکان و پێشنیارەکانی ئەم کەرتەن، هەڵسەنگاندنێکی فراوانتر لە راپۆرتی گشتیگری توێژینەوەکەدا بەردەستە.

| بەربەستە سەرەکیەکان | پێشنیارەکان |
| --- | --- |
| نەبوونی شوێن بۆ پرۆڤەکردن و نمایشکردن و دروستکردن و تۆمارکردنی موزیک | پشتگیری کردنی ئەو شوێنانەی کە ئامادەکردن و تۆمارکردنی موزیکی دەکەن.<br>پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی و تەکنیکی بۆ فەزا و دەنگ و رووناکی و شانۆ و ژووری هونەرمەندان و باکستەیج.<br>ئاسانکاری ئاڵوگۆڕ و گواستنەوە ی زانیاری لەگەڵ پسپۆڕانی شانۆ و فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان.<br>پاڵپشتیکردنی شوێنەکان بۆ ئەوەی ببنە ناوەندی داهێنەر. |
| نەبوونی ستانداردی پیشەسازی بۆ ئەوەی بە سەقامگیری و یەکدەنگی و سەلامەتی کار لە کەرتەکەدا بکرێت | پەرەپێدانی رێنمایی بەرهەمهێنانی موزیکی راستەوخۆ و مەرجەکانی ئامازە بۆ هونەرمەندان و کۆمپانیاکان.<br>دروستکردنی شوێنی ئارام بۆ ژنان وئەو کەسانەی کە لە کەمینەکانن بۆ پێشکەشکردنی موزیکی راستەوخۆ. |
| کەرتی موزیکی تۆمارکراو سنووردارە | پەرەپێدانی لێهاتوویی و تواناکان بۆ تۆمارکردنی موزیک. پێشکەشکردنی راهێنانی تایبەت بە تۆمارکردن، مافی بڵاوکردنەوە و مۆڵەتدان و دابەشکردن.<br>پەرەپێدانی هەڵمەتێکی مارکێتینگ و بانگەشە بۆ بڵاوکردنەوەی موزیکی عێراقی هاوکات لە گەڵ مۆڵەتدان بە فیلم و بەرهەمەکانی شاشە.<br>پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ ستۆدیۆکان و براندە بازرگانییە تۆمارکراوەکان و بڵاوکەرەوەکان و دابەشکەران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. |
| بەرهەمهێنانی موزیک پەرتوبڵاوە و گۆشەگیرە | بنیاتنانی تواناکان لە خۆڕێکخستنی پیشەییانە و نوێنەرایەتیکردنی لە رێگەی کۆمەڵە و سەندیکاکانەوە.<br>پەرەپێدانی گەشتە هونەرییە نیشتمانیەکان، دروستکردنی گرووپ و سەندیکای هونەرمەندان و گەشەپێدەران.<br>پێشخستنی هاوکاریی هەرێمایەتی و گواستنەوەی زانیاری و ئاڵوگۆڕی نێوان داهێنەران. |

# فەرهەنگی موزیکی عێراقی



موزیکی عەرەبی لە عێراق لە سەدەی هەشتەمی زایینی پەرەی سەند کاتێک بەغدا پایتەختی خەلافەتی عەباسی و تەواوی جیهانی ئیسلامی بوو. لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیدا، موزیکی عەرەبی لە بەغدا و کوفە و بەسرە و موسڵ پەرەی سەند. لە ناودارترین موزیکژەنەکانی ئەو سەردەمەدا ئیبراهیم ئەلەوسیلی، ئیسحاق ئەلەوسیلی، ئیبراهیم کوڕی مەهدی، ئیبن جامیع، زەریاب، ئیبن محرەز، زەریق، یەحیا ئەلەکی و ئەوانی تر بوون.

گۆرانی وتن لەگەڵ گەشەسەندنی شیعر لە عێراق لەو سەردەمەدا پەرەی سەند. بۆ نموونە موزیکژەن ئیبراهیم ئەلەوسیلی لە لایەن خەلیفە هارون ئەلرەشیدەوە ماڤی تایبەتی ئاوازی پێبەخشرا بۆ شیعرەکانی ذو ئەلریمە. ئەلەوسیلی لە یەکەمین قوتابخانەی موزیکی ژنان کە لە مێژووی عەرەبدا ڕێکخراوە ڕاهێنانی بە گۆرانیبێژانی ژن کردوە، لەم قۆناغەدا چەندین کتێبی لەسەر یاساکانی موزیک و گۆرانی وتنی عەرەبی لەلایەن خەلیل بن ئەحمەد و ئیسحاق بن یەعقوب ئەلکیندی و ئەبو فەرەج ئەلئەسبەهانی نووسیوە.

موزیک و گۆرانی وتنی تەریقی عێراق لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرن زیندوو بووەوە و ناوی لێنرا "مەقامی عێراق". لە نێو موزیکژەن و گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی ئەم ژانرەدا نازم ئەلغەزالی و محمد ئەلقەبانچی هەن.

لەلای هەندێک لە بەهرەمەندان موزیکی تەریق و ئایینی وەک تایبەتمەندییەکی ئاوازەی گەورەی ئاییوری داهێنەرانەی عێراق سەیر دەکرێت، کە توانای ئەوەی هەیە لە بۆنە کولتوورییەکاندا بە شێوەیەکی هاوشێوەی خوێندنەوەی قورئان بەناوبانگ بێت.

ئاوازە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی عێراق ناسراو بە مەقام (بە واتای وشەی "پلە" بە واتای "شوێن" لە زمانی عەرەبیدا و جۆرێکە لە میلۆدی عێراق ڕوون لە تەکنیکی ئیمپرۆڤیزەیشن کە چین و شێواز و گەشەکردنی دەنگ دیاری دەکات. مەقام لە سەردەمی ئاڵتونی ئیسلامی لە عێراق سەری هەڵداوە و کاریگەری لەسەر موزیک و کولتوور لە سەرتاسەری نیمچە دوورگەی ئیبێری لە چوارچێوەی لیتۆرجیای جولەکەکانی سەفاردی و خوێندنەوەی هەفتانەی تەورات (موزیکی ئایینی جولەکە و ئیسرائیلی پێی دەوترێت مەقامی هەفتانە) هەبووە ، هەروەها موزیکی لەریق و ئایینی لە دوورگەی سیسیلیای ئیتاڵی. دەتوانرێت تۆن لە موزیکی عەرەبیدا بناسرێتەوە چونکە زۆر چین هەن وهەریەکەیان لقی لێ دەبێتەوە (بۆ نموونە، ئاسقی دەنگی زۆرخۆش) جیاواز لە موزیکی ڕۆژئاوایی کە لە چینی بچووک و گەورە کاردەکات.

قوتابخانەی عودی عێراقی بۆ چەندین سەدە لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیدا دیار و بەناوبانگ بوو. لەساڵی ١٩٩٨ عودژەن و مامۆستای بەناوبانگی عێراقی، نەسیر شەممە، ڕەگەزنامەی میسری بەدەستهێنا وماڵی عودی عەرەبی لە قاهیرە لەگەڵ لقەکانی دیکەی لە ئەسکەندەریە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و جەزائیر دامەزراند.

# ٣.٤ شانۆ

شانۆ کەرتێکی زۆر چالاکە لە عێراقدا. سیستەمی پەروەردەی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە دروستکردنی شانۆ و بەستنەوەی قوتابخانە و مامۆستا و قوتابی بە فۆرمی هونەرەوە.
کەرتی شانۆ لە عێراق لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا لە بووژانەوە دا بوو تا ساڵانی نەوەدەکانی تەوکاتەی سزاکان لە سەری سەپێتران و ململانێکان بوونە هۆی وەستانی چالاکیەکانی ئەم کەرتە. بۆ دەیان ساڵە کۆمپانیاکان زۆرجار بە وڵاتدا دەگەڕیان، شوێنی پشتیوانیان بۆ دروست دەکرد و پشتگیریان لە وەبەرهێنان لە دامەزراوە ژێرخانییە کولتووریەکانیان دەکرد. ژمارەیەکی کەم لە شانۆ لە لایەن دەوڵەتەوە بەرهەمهێنران کە پەیوەست بوون بە کەرتی پەروەردەوە لە کاتی نا سەقامگیری لە کۆمەڵگای شانۆی باوی پێگەردا ،ئەمە بووە هۆی دانانی بناغەیەک بۆ کەرتی شانۆ لەمڕۆدا .
لە ساڵانی ڕابردوودا دەستپێشخەرییەکانی کۆمەڵگاو قوتابخانە و زانکۆکان و بووەتە هۆی گەڕانەوەی خوێندکاران و کەسانی خاوەنە ئەزموونە دێرینەکان بۆ ناو ئەم کەرتە.

لە خوارەوە دەتوانن سەیری بەربەستە سەرەکیەکان و پێشنیارەکان بکەن ، و هەڵسەنگاندنێکی فراوانتر لە ڕاپۆرتی تەواوی توێژینەوەکەدا یە.

| بەربەستە سەرەکیەکان | پێشنیارەکان |
|---|---|
| نەبوونی بینەر و گەشەسەندنی بازاڕ | پاڵپشتی بەبازاڕکردن و بەرەوپێشبردنی چالاکییەکانی کەرتەکە.<br>پاڵپشتیکردنی شانۆکان بۆ باشترکردنی ژێرخانی.<br>گردبوونەوە و هاوکاری لەگەڵ کەرتەکانی تری وەک گەشتیاری و فێستیڤاڵ و بۆنە و دیجیتاڵ میدیا و میوزیک.<br>پاڵپشتیکردنی شانۆکان بۆ ئەوەی ببنە ناوەندی داهێنەر.<br>فراوانکردنی پەیوەندی لەگەڵ پەروەردە و شانۆ لە قوتابخانەکاندا. |
| پابەندبوون بە پیشەسازی شانۆی پیشەیی | پشتگیریکردنی شانۆی نوێ بۆ پەرەپێدانی ژینگەیێکی بەهێز بۆ کەرتەکە و خاڵک. لە ئامێزگرتنی شانۆی پەراوێز و سەربەخۆ وەک هێزێک.<br>پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی و تەکنیکی بۆ ڕاهێنان و وۆرک شۆپ و خول بۆ پیشەسازی شانۆدا.<br>دابینکردنی بنیاتنانی توانای سەرکردایەتی لە پیشەسازیدا.<br>ئاسانکاری بۆ ڕاهێنانی شانۆی نێودەوڵەتی و ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی زانیاری. |



# ٤.٤ کەلەپوری کەلتوری

عێراق نموونەیەکی جیهانییە لە فەرهەنگی کەلتووریدا. وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە شوێنەوار و پسپۆڕانی ئەو بوارە و، هەروەها ئەگەر و توانایەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی لەم رووەوە پێشەنگی و پێشڕەوی جیهان بکات لەبەر ئەوەی کە لانکەی شارستانییەتە. ئەو کەرتە زۆر پەیوەستە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەکادیمی، حکومی و پەروەردەیی لە عێراق. هەروەها کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کەرتی گەشتیاری وڵات هەیە، کە زیاتر سەرنجی حکومەت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەموو کەرتەکانی دیکەی بواری داهێنەرانەدا هەیە. عێراقییەکان تادێت خۆیان تێکەڵی کەلەپوری کولتووری وڵاتەکەدا دەکەن. ئەم مۆراڵەیەی کە هەیانە وا لە کەرتەکە دەکات لە دۆخێکی ئاوازەدا بێت بۆ ئەوەی بەشداربێت لە گەشەپێدانی بەردەوام و گەشەسەندنی گشتگیردا.



شوێنە کۆنەکان گرنگن و زۆر ناسکن، زۆربەی شوێنەوارە کۆنەکانی عێراق بە پێچەوانەی شوێنەوارەکە لەیۆریەکانی یۆنانی و رۆمانی و میسری و هیندستان بە خشت یان قوڕ دروستکراون، ئەمەش وایکردووە زیاتر تووشی تێکچوون و تێکدان ببنەوە. سەرەڕای بەهای مێژوویی و زانستییان، بەڵام بۆ مرۆڤی ئاسایی تێگەیشتنیان ئاسان نییە. بۆ نموونە زیگوراتەکانی بارسیپا و کیش یەکسەر وەک شوێنی شوێنەواری بۆ سەردانکەرێکی ئاسایی ناناسرێنەوە، بەڵکو بە هەڵە بە "گردی قوڕ" دەزانرێن. هاوکات زۆربەی باڵەخانە مێژووییەکانی ناوەڕاست و نوێتر بەهۆی پشتگوێخستن، کەشوهەوا، یان لەناوچوون بەهۆی شەڕ و تێکدان لە دۆخێکی خراپدان. پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ دامەزراندنی پیشەسازی گەشتیاری کولتووری. نەبوونی ژێرخانی گەشتیاری بەربەستە. بەڵام لەوەش گرنگتر، دۆخی نۆژەنکردنەوەی شوێنەکان و باڵەخانە کەلەپوریەکان و پێشکەشکردنیان و شیکردنەوەیان پێویستی بە گرنگیدانێکی زۆر هەیە.

لە خوارەوە دەتوانن سەیری بەربەستە سەرەکیەکان و پێشنیارەکان بکەن ، و هەڵسەنگاندنێکی فراوانتر لە ڕاپۆرتی تەواوی توێژینەوەکەدا یە.

| بەربەستە سەرەکیەکان | پێشنیارەکان |
|---|---|
| ژمارەی شوێنەوارەکان لە توانای کەرتەکە زیاترە | سازدانی کۆربەند یان تۆڕێک بۆ بەرزکردنەوەی هەماهەنگی و تەرخانکردنی سەرچاوە بۆ کەرتەکە.<br>زۆرترین سوود وەرگرتن لە سکۆلەرشیپ و ڕاهێنان یان توێژینەوەی هاوبەشی نێودەوڵەتی<br>پشتگیریکردنی توێژینەوە و پەرەپێدانی زێرخانی و ئامراز و شێواز و تەکنەلۆژیا. |
| نەبوونی دەرفەت بۆ پەرەپێدانی تواناکانی پاراستنی شوێنەوار | پشتگیری لە ئاڵوگۆڕکردنی نێودەوڵەتی، گواستنەوەی زانیاری، و فێربوون لە ڕێگەی ڕێنمایی، دامەزراندن، مەشقکردن، و پەرەپێدانی کۆمەڵگا بە پراکتیک. |
| نەبوونی دەزگا و کەرەستە و توانای تەکنیکی | وەبەرهێنان لە فەزای پاراستن و پێشکەشکردنی کەلەپوری کولتووری.<br>وەبەرهێنان لە ئامێر و ئامراز و تەکنەلۆژیا و لێهاتوویی پێویست بۆ کەرتەکە.<br>پشتگیری هەماهەنگی پیشەسازی و خزمەتگوزارییە هاوبەشەکان. |
| نەبوونی هۆشیاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەم کەرتەدا، هەروەها کەڵک وەرنەگرتن لە توانا گەشتیارییەکان | تێکەڵبوون لەگەڵ پیشەسازییە داهێنەرەکانی تردا بۆ زیادکردنی داهێنان و دەنگدانەوەی کەرتەکە لە ئاستی ناوخۆیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا. |

# ٤.٥ هونەرە بینراوەکان

هونەری بینراو لە عێراقدا بەدرێژایی هەزاران ساڵ پەرەی سەندووە و فۆرمی جۆراوجۆری وەرگرتووە و نەریتە کۆنەکان و ئاین و کاریگەرییە ناوخۆیی و جیهانییە هاوچەرخەکانی بەیەکەوە گرێداوە. لە نیگارکێشی و پەیکەرسازی نەریتییەوە بۆ نەریتێکی لەمێژینەی هونەری بینراو لەسەر بیناکان. ئەو کەرتە دەرفەتی ناوازە بۆ کۆمەڵگای عێراق دەڕەخسێنێت. لەڕاستیدا هونەری بینراو ڕەنگەی بیناکراو وەک تایبەتمەندییەکی سەرەکی لە تەلارسازیدا، لە شوێنەکانی ململانێ و وێرانکاری، لە بیناکردن و پاککردن و ڕازاندنەوەی عەرەبانە و فرۆشیارانی سەر شەقامەکان دەرازێنێتەوە.

خۆشنووسی وەک شیعر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ناسنامەی نەتەوەیی، بەو پێیەی کە دەرفەتێکە بۆ بەستنەوەی نەریت و کەلەپووری ڕابردوو بە ئێستا و داهاتوو. لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری کەرتی هونەرە بینراوەکان تیشک دەخاتە سەر ئەولەویەت و پرسەکانی کۆمەڵایەتی بۆ باشترکردنی کۆمەڵگای عێراق. مێژووی خەتنووسی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتای ئیسلام لە شاری کوفەی عێراق کە ناوەکەی "ڕێنووسی کوفی" لێیەوە وەرگیراوە. نووسینی قورئان وەکوو قسەی وردی خودا پاڵنەری موسڵمانانی سەرەتای سەردەمی عەباسییەکان بوو بۆ ئەوەی گرنگییەکی زۆر بە خۆشنووسی بدەن. جگە لە بەرهەمهێنانی نوسخەی قورئان، خۆشنووسی لە دەقە زانستییەکان و نووسراوەکانی بواری گشتی و بینا و جلوبەرگ و کەرەستەی دیکەشدا بەکاردەهێنرا. عێراق ڕۆڵی هەبوو لە دانانی یاساکانی خەتنووسی عەرەبی بوو بۆ ئیبن موقلا. هێڵی بازنەیی دەگرتەبەر. لە سەردەمی نوێدا، خۆشنووسی بەناوبانگی عێراق هاشم ئەلبەغدادی بە بەرهەمە خۆشنووسییەکانی خۆی و نووسینی کتێبی پەروەردەیی بە شێوازی جۆراوجۆر، حەز و ئارەزووی بۆ خەتنووسی عەرەبی لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیدا زیندوو کردەوە.

خۆشنووسی عەرەبی پێکهاتەیەکی سەرەکی دیزاینی هاوچەرخە لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیدا. لە ساڵی ٢٠٢١ یونسکۆ بە "کەلەپووری کولتووری نامادی مرۆڤایەتی" ناساند. بەشێکە لە ناسنامەی عەرەبی و هەندێک لە کۆمپانیا ناسراوەکانی عێراق، وەک کافێی ڕێندا ئەلوان، بە شێوازێکی تایبەت خۆشنووسی لە لۆگۆکەیاندا بەکارهاتووە کە لەلایەن بەهرەدار ەعێراقییەکانەوە دیزاین کراوە . بە پاڵپشتی بەم شێوازە ، ئەریتی خۆشنووسی بنەمای خۆشنووسی باوی هاوچەرخی پێکهێناوە، لە بەرامبەردا، پشتگیری لە ڕێگە ی ئەم کەلەپوورە دەکات بۆ پاراستنی و بڵاوکردنی هۆشیاری لە ڕێگەی دیزاینی بەرهەم و براندکردن و سۆشیال میدیاوە.




PUMA

عرض التحديات والتوصيات الرئيسية أدناه بينما يوجد تقييم أوسع في تقرير البحث الكامل.

| بەربەستە سەرەکیەکان | پێشنیار |
|---|---|
| کەمی قەبارەی بازاڕ و توانای فرۆشتن | ڕێکخستنی هەڵمەتێک بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە بەهای هونەری شێوەکاری عێراق و زیادکردنی خواست لەسەری.<br>دابینکردنی زێرخان و بەرنامەسازی و پشتگیری پێشانگە و گەلەری و رووبەرەکان بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکان.<br>پەرەپێدانی نەخشە بیناسازییەکان بە شێوەیەک کە ئاسانکاری دەکات بۆ نمایشکردنی هونەرە بینراوەکان لە بینا گشتیەکان و نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکان و کۆمپانیا تایبەتەکاندا. |
| نەبوونی دەرفەتی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پیشەیی | پێشکەشکردنی ڕاهێنان و خولی تایبەت بە بواری هونەرە بینراوەکان.<br>دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان پسپۆڕانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ پێشخستنی پرۆگرامەکان و پێشکەشکردنیان. ئاسانکاردنیکردن بۆ گواستنەوە و ئاڵوگۆڕ و سوودوەرگرتن لە زانیاری و ئەزموونەکانی یەکدی.<br>پەرەپێدان و دیزاینکردنی بەرنامەکان بە بەشداری هونەرمەندان و گەنجان. |

**دەیان ساڵە شەڕ و وێرانکاری و ئاوارەبوون برینداری کردوین کە دەبێت بە بەکارهێنانی جوانی سارێژ بکرێت، چونکە لە ژیاندا جوانی لەناو دەچێت بەڵام لە هونەردا نا. پێموایە ئەوە لە دەستی داهێنەرەکاندایە کە هەماهەنگی بکەن بۆ بنیاتنانی ئەوەی لەدەستچووە یان لەبیرچووە".**

وەڵامی یەکێك لە بەشداربووانی ڕاپرسی



# هونەرە ئایینییەکان

ئایین و باوەڕ بنەمای بەشێکی زۆری هونەر و کەلتوور و داهێنانە لە عێراق. هونەرە ئایینیەکان لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتە هەرە یەکەمەکان. موزیکی ئاینی هەر لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامەوە گرنگی هەبووە، کەسە دەنگ خۆشەکان بۆ خوێندنەوەی قورئان و گوتنەوەی بانگی نوێژ هەڵدەبژێردران. لە خەلافەتی عەباسیدا گۆرانی ئاینی پەرەی سەند بۆ ئەوەی لە شیعردا هەستی ئاینی باس بکرێت، بۆ نموونە وەک ستایشکردنی پێغەمبەر. دوای دامەزرانی ئیسلامی شیعە، جۆری جیاوازی میلۆدی پەرەی پێدرا، وەکو شینی حوسەین و لەتمیەی عاشورا، بۆ ستایشکردنی حسێن و باسکردنی شەهیدبوونی و پێداهەڵگوتنی بنەماڵەی پێغەمبەر.

هونەرە نمایشییە ئایینیەکان ڕۆڵێکی دێرینی هەیە لە ئەمڕۆی کۆمەڵگادا. لە کاتی ئاهەنگە ئایینیەکاندا، نمایشی شانۆیی لە بارەی شەهیدبوونی حوسەین پێشکەش دەکرێن. هەندێک لە تیپە سۆفیەکان گۆرانی پێشکەش دەکەن، هەندێکی تریش سەما لەگەڵ بابەتە ئایینیەکان دەکەن. سۆفیگەری و نمایشە داهێنانکارەکانیان پەیوەندیان بە هەردوو ئیسلامی سوننە و شیعەوە هەیە. بە درێژایی مێژووی عێراق و وڵاتانی دیکەی ئیسلامی، زۆرێک لە گۆرانیبێژ و ئەکتەرە عەلمانییە بە ناوبانگەکان لە سەرەتادا لە نمایشە ئایینیەکاندا دەستیانپێکردوە.

هەندێک لە نەریتەکان چێشتلێنان - کە لەلایەن زۆر کەسەوە بە کەرتێکی داهێنانکارانە دادەنرێت - پەیوەستن بە بۆنە ئایینیەکان، لەوانەش هەریسە و قیمەی نەجەفی و نانی عەباس، کە لە مانگی موحەڕەم بۆ عاشورادا ئامادە دەکرێن و دەخورێن.

هونەری بینراوی ئاینی بەشێکی گرنگی ئابووری داهێنەرانەیە شانبەشانی خۆشنووسی. مەدرەسەی بەغدا بۆ زەخرەفە لە سەردەمی عەباسیدا بە بەکارهێنانی مۆتیڤی گوڵ و ئەندازەیی لە پەراوێزی لاپەڕەکانی قورئاندا دەستی پێکرد. هەندێك لە گرنگترین هونەرمەندانی مەدرەسەی بەغدادی بریتین لە عبد الله بن الفضل ویحیی بن حسن الواسطي. هەندێک لە بەرهەمەکانیان ئەمڕۆ لە مۆزەخانە و کتێبخانە گەورە نێودەوڵەتییەکاندا پارێزراون.

ئەدەبیاتی ئاینی لە بوارە داهێنانکارییە جیاوازەکانەوە وەرگیراوە، بەو پێیەی وێنەکێشانەکان کە لە ئاین ئیلهامیان وەرگرتووە، کتێبەکانیان دەڕازاندەوە و هەندێکیان لەسەر دەقی زانستی و پزیشکی بوون، هەندێکی تریان لەسەر بڵاوکراوە ئەدەبیەکانی وەک کەلیلە و دەمنە یاخود مەقامات ئەلحەریری کێشراون.

لە سەدەی بیستەمدا هونەری بینراوی مۆدێرن وەک نیگارکێشان و پەیکەرسازی لەلایەن هونەرمەندانی عێراق وەک جەواد سەلیمەوە پێشەنگ بوون. جگە لەوەش، هونەری فۆلکلۆری خۆڕسکتر لەسەر عەرەبانە و توکتوک و دوکانەکان بەرهەم دەهێنرێت. ناڕەزایەتییە سیاسییەکان لەم ساڵانەی دواییدا ئیلهامبەخش بوون بۆ هونەرمەندە خۆڕسکەکان بۆ بەرهەمهێنانی گرافیتی لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق. خۆشنووسی پایەیێکی جەوهەری هونەرە بینراوەکانی عێراقە.

فۆرمێکی دیکەی هونەری ئاینی بریتیە لە تابلۆ باوەکان کە گوزارشت لە بابەتە ئایینییەکانی مەزهەبی شیعە دەکەن وەک شەڕی کەربەلا و کەسایەتییە ئایینیەکانی وەک حوسەین و عەباس.

بەهەمان شێوە خوێندنەوەی قورئان و دەربڕینی ئاینی کارێکی ڕێزلێگیراوە و دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەك بۆ داهات و بژێوی، خواست لەسەر خوێندنەوەی قورئان لە زیادبووندایە کە بە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانە دادەنرێت، و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێژەی ئەم چالاکیانە لە زیادبووندایە لە هاوسەرگیری و پرسە و ئاهەنگەکان.

عێراق نەریتێکی دوورودرێژی گۆرانی وتنی ئاینی هەیە کە کەسایەتییە ئەفسانەییەکانی وەک مەلا عوسمان مووسڵی (١٨٥٤-١٩٢٣) ڕێگەیان بۆی خۆشکرد لە ڕێگەی هونەری مەقامی عێراقییەوە، هەروەها ئەنجامدانی ڕێورەسمی مەولود و زیکر و تووسیفی شیعر و بەرهەمهێنانی گۆرانی کە تا ئێستاش بەکاردێت لە موزیکی کلاسیک و ئاینی عێراقیدا.


ادخلوها بسلام آمنين
السلام عليك يا ابا عبد الله الحسين المظلوم



# ٤.٦ کاری دەستی

کەرتی کاری دەستی کەرتێکی فراوانە و لە هەمووعێراقدا بوونی هەیە، ئەم هونەرە پشت بە نەریت و تەکنیک وئامراز و کەرەستە ناوخۆییەکان دەبەستێت و رابردوو بە ئێستا دەبەستێتەوە. بنیاتنانی تواناکان لەم کەرتەدا گرنگە، بەتایبەتی لەنێو ژناندا، بۆ ئەوەی بتوانن لەرێگەی راهێنان ورێنمایی و ئاراستەکردنەوە کەرتەکە بەرەو پێش ببەن. کەلوپەلی ناوماڵ و مۆبیلیات و پەیکەر و جوانکاری ژنان "ئیکسسوارات" و جلوبەرگ و مۆم و بەرهەمی جوانکاری هەموویان بە بەرهەمی کەرتی کاری دەستی هەژمار دەکرێن لە عێراقدا.

چەقی چالاکییەکانی ئەم کەرتە زیاتر لە بەغدا و هەولێرە، لە شارەکانی دیکەی وەک دهۆک و کەربەلاش بە شێوەیەکی لاوەکی بوونیان هەیە. پیشەسازییەکە لەسەر بنەمایێکی هاوکارییە و رێکخراوە لە رێگەی تۆری نافەرمی و پێشانگای بازرگانی و پێشانگاکانەوە. خەڵک لە سەرانسەری کەرتەکە ناسراون بە پشتگیری و کاریگەری و ئیلهام بەخشین بە یەکتر. شوێنەکانی بە بازارکردنی ئەم کەرتە بریتین لە فرۆکەخانەکان و باڵۆێزخانە بیانییەکان و هاوبەشەکانی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان کە وەک کەناڵی فرۆشتن کاردەکەن بۆ پرۆژەکانی کاری دەستی.

بە کەمزانینێکی گشتی هەیە دەرهەق بە بەهای راستەقینەی ئەم کاڵایە دیزاینکراوانە لە عێراقدا. لە هەمان کاتدا بەهای دیزاینی ناوخۆیی و بەرهەمهێنانی بوتیک لە ئاستی جیهانیدا پەرەی سەندووە، کێبڕکێی نێودەوڵەتی و تێچووی بەرز و کوالیتی جیاواز بەربەستێکی سەرەکییە بۆ ئەو کەرتە.



ئەمەی خوارەوە پوختەی بەربەستە سەرەکیەکان و پێشنیارەکانی ئەم کەرتەن. هەڵسەنگاندنێکی فراوانتر لە ڕاپۆرتی گشتگیری توێژینەوەکەدا بەردەستە.

| بەربەستە سەرەکییەکان | پێشنیارەکان |
|---|---|
| نەبوونی بودجە بۆ توێژینەوە و پەرەپێدان و بەرهەمهێنان و کۆگاکردن و ناردن و سەرچاوە مرۆییەکان و و فرۆشتن | پەرەپێدانی قەرزی ئاسان بۆ کەرتەکە.<br>پێشکەشکردنی ڕاهێنان لەسەر پێشەنگی لە بازرگانییەکان و پەرەپێدانی ئامادەباشی وەبەرهێنەران |
| نەبوونی فرۆشتن و بەبازاڕکردن | سەخق دۆزینەوەی بەهرە و هۆشیاری و دۆزینەوەی ڕێگای گەشەکردن. سودمەندبوون و پێشخستنی دڵنیایی جۆری و نمرەی باوەڕپێکراوی وەک "دروستکراوی عێراقە".<br>وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و فرۆشتنی ئۆنلاین و سۆشیال میدیا.<br>دابینکردنی تواناسازی لە بواری بازاڕکردن، دیزاینی پیشەسازی، بازرگانی، فرۆشتن و دابەشکردن.<br>پێشخستن و بەبازاڕکردنی ئەو کەرتە لە پێشانگە و کۆنفرانس و بازاڕەکان لە عێراق و جیهان.<br>باشترکردنی ژینگەی ڕێکخستن بۆ ئەوەی فرۆشتن، پارەدانی ئەلیکترۆنی دیجیتاڵی و خزمەتگوزارییەکانی بانکی ئەلیکترۆنی ئاسانتر بێت. |
| نەبوونی ژێرخان و ئامێر و دامودەزگا و ئامراز و کەرەستەی پێویست بۆ بەرهەمهێنان و کۆگاکردن و نمایشکردن و فرۆشتن بە تاک. | پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە هاوبەشەکان بۆ بینا و ژێرخانی ئابوری تر بۆ بەرهەمهێنان، کۆگاکردن، نمایشکردن و فرۆشتن بە تاک.<br>پەرەپێدانی خزمەتگوزاری هاوبەش بۆ بەدەستهێنانی ئامێر و ئامراز و کەرەستە و گواستنەوە بەمەبەستی هێنانەکایەی ئابوورییەکی باش. |





# ٤.٧ ڕیکلام و دیجیتاڵ میدیا

ڕیکلام و دیجیتاڵ میدیا یەکێکە لە کەرتە داهێنانکارییەکان کە بە خێرایی لە عێراق گەشە دەکات. ئەم چالاکییە لە ساڵی ٢٠٠٩ سەری هەڵدا و ئێستا لە کەرتە دیارەکانی ئابووری داهێنەرانەیە لە عێراق.

ئەم پیشەسازییە فۆرمە هونەرییەکانی گێڕانەوەی چیرۆک و سیناریۆنووسین و بەرهەمهێنانی بینراو و بیستراو و دیزاین و ڕیکلام بەکاردەهێنێت و، یارمەتیدەریشە بۆ شکاندنی بەربەستەکان و گۆڕینی تێڕوانینەکان لەسەرعێراق چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لە ساڵانی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢، زنجیرەیەکی دەستکرد بڵاوکردەوە کە "زیاتر لە دە یوتیوبەری بەناوبانگ و دەیان گۆرانیبێژی بەناوبانگی عەرەب سەردانی عێراقیان کردووە و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئەکاونتی سۆشیال میدیاکانیاندا پۆستیان کردووە سەبارەت بە مانەوەیان لە عێراق" لە سەرانسەری ئەوروپا، ئەمریکای باکوور، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی دوور.

هەرچەندە ئەم کەرتە نوێیە بە سەرکردایەتی پیشەنگانی ناوخۆیی گەشە دەکات، بەڵام نەبوونی ئەزموونی درێژخایەنی بازرگانی و زێرخانی و سەرکردایەتی تۆکمە هەندێک بەربەست دەخاتە سەر پەرەپێدانی تواناکان.



ئەمەی خوارەوە پوختەی ئالنگارییەکان و پێشنیاری چارەسەری هەر یەکێکیان، هەڵسەنگاندنێکی فراوانتر لە ڕاپۆرتی گشتگیری توێژینەوەکەدا بەردەستە.

| بەربەستی سەرەکی | پێشنیار |
|---|---|
| کەمی دارایی کردن لە کۆمپانیاکانەوە | بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە کەرتەکە و گرنگی پرۆژە داهێنەرانەکە و کاریگەرییە ئابوورییەکانیان.<br>پشتگیرکردنی لێهاتووی کار و ئامادەیی بۆ وەبەرهێنان. |
| کەمی هێزی کاری لێهاتوو لە کەرتەکەدا، کەمی لێهاتووی بازرگانی و تەکنیکی | پشتگیرکردنی پەرەپێدانی کۆمپانیا ناوخۆییە پیشەنگەکانی گەورە کە لە ئاستی نێودەوڵەتین بکرێ بۆ پەرەپێدانی هێزی کار و کۆی بەهرەکانیان.<br>داینکردنی ڕاهێنان لەسەر بازرگانی و ڕۆڵی و تەکنیکی و داهێنەرانە.<br>پشتگیریکردنی ڕاهێنانی پەرەپێدانی تواناى بازرگانی و داراییکردنی وەبەرهێنان لە کارەکانی بازرگانیدا. |
| کەمی فرۆشتن لە نێوان کۆمپانیاکانی B٢B و خواست لەسەر ڕیکلام و میدیای دیجیتاڵی | بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری وبەهێزکردنی بەشداری ئابووری بۆ دیزاینی عێراق و ئابووری داهێنەرانەری بەر فراوان.<br>پەرەپێدانی هەیکەلی کڕیارەکان لەگەڵ حکومەت، هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی گەشەپێدان و کەرتی تایبەت وەک داینکەری سەرەکی، لەوانەیە بەهاتاهاتنی پێشوەخت لەلایەن کڕیارە گەورەکانی کەرتی گشتی و تایبەتەوە بازاڕ بەرەو پێشەوە بیات و خواست لەسەرکەرتەکە فراوانتر بکات. |
| نەبوونی هەماهەنگی پیشەسازی و نەبوونی داکۆکی لە پیشەسازی و بەشداری سیاسەت | پێشنیارکردنی دامەزراندنی دەزگا فەرمییەکان بۆ نوێنەرایەتیکردنی پیشەسازی وەک کۆمەڵە پیشەسازییەکان. |




السعد



# ٥. دەرەنجامی کەرتەکان

پیشەسازی داهێنەرانە لە عێراقدا ڕیزبەندی کراوە بە پێی بابەتەکانی لێهاتوویی و ستراتیژییەتەکان و بازار و فرۆشتن و دارایی و ژێرخانەکان و هەماهەنگی لە سەرانسەری کەرتە جیاوازەکان (شاشە، نووسین، ئەدەب، موزیک، شانۆ، هونەری نمایش، کەلتوری ڕۆشنبیری، هونەری بینراو، کاری دەستی، ڕیکلام و میدیای دیجیتاڵی). تێڕوانینێکی گشتی بۆ بابەتەکان لە خشتەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو کە بریتیە لە هەڵسەنگاندنێک بۆ بەربەستی بەردەم کەرتەکان (H بۆ بەربەستی بەرز، M بۆ بەربەستی مامناوەندیL بۆ بەربەستی نزم):

شێوەی ژمارە ١: بەربەستی بەردەم کەرتەکان بەپێی پیشەسازی داهێنەرانە

| بەربەستەکان | شاشە | نووسین و ئەدەب | موزیک | شانۆ و هونەری نمایش |
|---|---|---|---|---|
| دارایی | H | M | M | L |
| توانا کارامەییەکان | H | H | H | H |
| بازار و فرۆش | L | H | M | H |
| سیاسەت و ستراتیژییەتەکان | H | L | H | L |
| ژێرخانەکان | H | M | H | M |

پلەی بەربەستەکانی بەردەم هەر کەرتێک: H = بەربەستی بەرز، M = بەربەستی مامناوەند، L = بەربەستی نزم. سەرچاوە: شیکاری دەزگای ئۆردیبسیق.



| کەلەپوری کولتوری | هونەرە بینراوەکان | کاری دەستی | ڕیکلام و میدیای دیجیتاڵی |
|---|---|---|---|
| H | L | H | H |
| H | H | H | H |
| M | M | H | L |
| H | H | M | M |
| M | M | H | L |

# ٥.١ بەربەستی دارایی

کەمیی بودجەی گشتی لە سەرانسەری ئابووری عێراقدا هەیە و ئەولەویەت بۆ کەرتە کلیرکێکارەکانی دیکەیە وەک ئاسایش و پەروەردە و تەندروستی، ئەمەش بووەتە هۆکاری کەمیی بودجە بۆ ئابووری داهێنەرانە. دابەزینی بەهای گشتی ئابووری داهێنەرانە دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان. هەرچەندە بوارە پەیوەندیدارەکانی دیکەی وەک تۆپی پێ بە ئاسانی وەبەرهێنان وەردەگرن.
بەربەستی گەورە لەبەردەم پارەدارکردنی پیشەسازییەکان لە عێراقدا هەیە کە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی گەشەسەندنی فەرهەنگی و داهێنەرانەیان.
لە ساڵی ٢٠٢٠دا، پارەدارکردنی کەرتی تایبەتی ناوخۆیی لە عێراق ١٣٪ی بەرهەمی ناوخۆیی پێکهێناوە، ئەمەش پێشکەوتنێکی گەورەیە بە بەراورد بەڵگەڵ ١.٦٪ لە ساڵی ٢٠٠٥، بەڵام هێشتا زۆر لە خوار تێکڕای ڕێژەکەیە کە دەگاتە ٥٥٪ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا. بانکی نێودەوڵەتی عێراق لە ڕیزبەندیی داناوە وڵاتە لە کۆی ١٩٠ وڵات لە ڕووی توانای دەستڕاگەیشتن بە قەرز.
بۆ تێگەیشتن لە بەربەستەکانی بەردەم وەبەرهێنان، ڕاپرسییەک لە گەڵ ئەندامانی پیشەسازی ئەنجامدرا. وەک لە خوارەوە دیارە. گەورەترین بەربەست لەبەردەم وەبەرهێناندا بریتیە لە کەمیی لێهاتوویی دارایی، دواتر تێنەگەیشتن لەلایەن پارەدەر و وەبەرهێنەرانەوە لە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی کەرتەکە (٦٦٪ و ٢٨٪ ی وەڵامەکانی ڕاپرسییەکە). هۆکارەکانی دیکە بریتی بوون لە دوورکەوتنەوەی گشتی لە مەترسی، ئەریتە کەلتووریەکان و کەمی پارەدەر و دەرفەتی بەردەستی بانگەشەکردن لە عێراقدا .

شێوەی ژمارە ٢: بەربەستەکانی بەردەم وەبەرهێنان





لە پرسیارێکی دیکەدا، پرسیار لە بەشداربوان کرا سەبارەت بەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی ئابووریی داهێنەرانە دەبێتەوە (تکایە بۆ زانیاری زیاتر سەیری ڕاپۆرتی گشتگیر بکە). ئەوان کەمیی وەبەرهێنان و سەرمایەیان وەک دووەم گەورەترین بەربەست لە ڕیزبەندییەکە دەستنیشان کردوە (٢٨٪ ی بەشداربووان). کاتێک پرسیار کرا کە کۆمپانیا داهێنەرەکان زۆر پێویستیان بە چ جۆرە پشتگیرییەکی زنجیرەی دابینکردنە، دارایی لە پلەی دووەمدا بوو (٢٦٪ ی بەشداربووان).

بەهۆی شێوازی کاری نافەرمیی کەرتی تایبەت و نەبوونی ئەزموون و مێژوو لە بواری قەرز و پارەدارکردن، بانکەکان قەرزدان بە پرۆژەی بچووک و مامناوەند وەک مەترسییەکی گەورە دەبینن و داوای قازانجی بەرز دەکەن و لە بەرامبەر دانانی پابەندی و بارمتە ئەو کارە دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنی بڕی قەرزی پێویست. بۆیە، فەرمیکردنی زیاتری کاری بازرگانی هەنگاوێکی گرنگە بۆ فراوانکردنی ئەگەری بەدەستهێنانی دارایی. جگە لەوەش، بانکەکان ئەزموونی سنوورداریان هەیە لە قەرزدان بە پرۆژە بچووک و مامناوەندەکان، چ جای پرۆژە داهێنەرانەکان، زۆرجاریش توانایان نییە کە بە شێوەیەکی باش مەترسی قەرزکردن هەڵسەنگێنن. داواکردنی قەرز بۆ هەردوولا قورسە و کاتێکی زۆر دەخایەنێت و لە ئەنجامدا تەنها ٥٪ ی کۆمپانیا بچووک و ناوەندەکان لە کەرتی فەرمی قەرزی بانکییان بەدەستهێناوە و کەمتر لە ٣٪ ی سەرجەم کۆمپانیاکانی عێراق لەڕێگەی قەرزی بانکییەوە پارەیان بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان دابینکردووە. لە ساڵی ٢٠١٤، بانکی ناوەندیی عێراق دەستپێشخەریی ترلیۆنێک دیناری عێراقیی دەستپێکرد بۆ فراوانکردنی پاڵپشتی دارایی بۆ کۆمپانیا بچووک و ناوەندەکان، دابینکردنی دارایی بۆ بانکە ئەهلییەکان بۆ قەرزدان بە کۆمپانیا بچووک و ناوەندەکان و فراوانکردنی توانای دەستڕاگەیشتن بە قەرز – کە ئابووریی داهێنەرانە شایەنییەتی.

سنووردارکردنی پارەدانی ئەلیکترۆنی دیجیتاڵی زیانێکی زۆر بە تەواوی ئابووریی داهێنەرانە دەگەیەنێت. پارەدانی ئەلیکترۆنی لە سەرانسەری وڵاتدا سنوورداره و ئەوەش زیانی زۆر بە توانای کۆمپانیاکان دەگەیەنێت لە سەرانسەری کەرتە داهێنەرەکاندا بۆ بەدەستهێنانی داهات و هەناردەکردن و ئاسانکاری بۆ مامەڵەی پارێزراو و سەلامەت. کۆمپانیا عێراقییەکان لە ئامرازە سەرەکییەکانی پارەدانی دیجیتاڵی بێبەشن و دەستیان بە دابینکەرانی ستاندارده جیهانییەکانی وەک پەیپاڵ PayPal و بازاڕە گەورە جیهانییە ئۆنلاینەکانی وەک ئەمازۆن Amazon و ئیبەی eBay و ئێتسی Etsy نەگەیشتووە. لە ساڵی٢٠١٧ تەنها ١٩٪ ی عێراقییەکان حەواڵەی پارەی دیجیتاڵییان وەرگرتووە.

قەرزی بچووک ڕۆڵی گەورەی هەیە، دەشتوانرێت لە ڕێگەی قەرزی بچووکەوە بەشێک لە بۆشایی نێوان داواکاری و دابینکردنی دارایی کەم بکرێتەوە. بانکی نێودەوڵەتی جەخت لەسەر ڕۆڵی کەرتی داراییکردنی بچووک دەکاتەوە لە پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان خواستی زۆری قەرز و گەشەنەکردنی کەرتی بانکی.

# ٥.٢ کارامەییەکان

پەرەپێدانی کارامەیی یەکێکە لە گەورەترین دەرفەتەکان بۆ ئابووری داهێنەرانە لە عێراقدا. ئەم کارە یەکێکە لە ئەولەویەتەکان بۆ کەرتەکە و وەکو لەم توێژینەوەیە دەردەکەوێ و، لە ڕیزی گرنگترین ئەو بابەتانەیە کە لە لایەن داهێنەران و کۆمپانیاکان و سەرکردە و لایەنە پەیوەندیدارەکان داوا کراوە کە لەسەر ئاستی سیاسەت و ستراتیژییەکانی عێراقەوە پشتیوانی بکرێت. کەمی کارامەیی وەک یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکانی گەشەکردن و بەردەوامی بۆ کۆمپانیا داهێنەرەکان لە عێراقدا دەستنیشان کراوە. لە لایەکی دیکەشەوە بە لەبەرچاوگرتنی بەهرە و توانای داهێنەرانی عێراق، کارامەییەکانیش وەک سێیەم هێزی گەورەی ئابووری داهێنەرانە لەلایەن وەڵامدەرەوەکانی ڕاپرسییەکەوە ڕیزبەندی کران.

هەروەها بۆ داڕێژەرانی سیاسەت و دامەزراوەکان، پەرەپێدانی کارامەیی ڕاستەوخۆ بەشداری دەکات لە گەشەی ئابووری لە ڕێگەی باشترکردنی توانای کارکردن و بەرهەمهێنان و داهات و بەردەوامی کۆمەڵایەتی. سەرکەوتنی ئابووری داهێنەرانە تا ڕادەیەکی زۆر بە وەبەرهێنان لە ڕاکێشان و ڕاگرتن و پەرەپێدانی هێزی کاری لێهاتوو و بەرهەمدار دیاری دەکرێت. بە گشتی کەمتوانایی لە کارامەیی داهێنەرانە و تەکنیکی و بازرگانیدا هەیە. ئەم کەمییە لە هەموو کەرتە داهێنەرەکاندا هەیە و خراپتر دەبێت بەهۆی نەبوونی ڕاهێنانی فەرمی لە سەرانسەری وڵاتدا. جگە لەوەش، وەک کەرتێکی تازەپێگەیشتوو، نموونەی کۆن و دامەزراو زۆر کەمن کە لێیان فێر بن و سودیان لێ ببینن. لەم نێوەندەدا زۆر کەس لە چەندین بواردا کاردەکەن، لەوانەش کارەکانی دەرەوەی ئابووری داهێنەرانە و، زۆرێکیش کاردەکەن بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان.

وەڵامدەرەوەکانی ڕاپرسییەکە ئاماژەیان بە کارامەیی و جۆری ڕاهێنانەکان کردوە کە کەرتەکە پێویستی پێی هەیە وەک لە وێنەی خوارەوەدا نیشان دراوە.

شێوەی ژمارە ٣: ئەو کارامەیی و ڕاهێنانانەی کە ئابووری داهێنەر لە عێراقدا زۆرترین پێویستی پێیەتی



بۆشاییە سەرەکییەکانی هاوبەش لە سەرانسەری کەرتەکەدا بەم شێوەیەن:

| | |
|---|---|
| نەبوونی توانای داهێنەرانە و تەکنیکی | باشترکردنی کارامەیی دیجیتاڵی دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ زیادکردنی داهات (٥٦٪ ی وەڵامی بەشداربووان).<br>پێشکەشکردنی ڕاهێنان لەسەر بەرهەمهێنان دووەم پشتگیرییە کە زۆرترین خواستی لەسەرە بۆ باشترکردنی "پەرەپێدان، بەرهەمهێنان و گەیاندنی" کاڵا و خزمەتگوزارییە داهێنەرەکان (١٢٪ ی وەڵامی بەشداربووان).<br>کەمی لە ڕاهێنان و پەروەردە بۆ کارمەندان سێیەم بەربەستی گەورە بوو کە ڕووبەڕووی ئابووریی داهێنەر بووە لە عێراق (٤١٪ ی وەڵامی بەشداربووان). |
| کەمی توانای بازرگانی و کارسازی | ڕاهێنانی کارامەیی بازرگانی و کارسازی زۆر پێویستە بۆ لایەن داهێنەران و کۆمپانیاکان (٤٪ ی وەڵامەکانی ڕاپرسییەکە).<br>کەمیی لێهاتووی دارای گەورەترین بەربەستە لەبەردەم وەبەرهێنان (١٤٪ ی وەڵامی بەشداربووان)<br>کەمی توانای فرۆشتن و بازارکردن بە درێژایی ڕاوێژکارییەکان ئاماژەی پێ دەدرا.<br>بە درێژایی ڕاوێژکارییەکان پرسی نەبوونی لێهاتووی سەرکردایەتی و سیاسەت وروژێنرا.<br>بە درێژایی ڕاوێژکارییەکان باس لە نەبوونی لێهاتوی کەسایەتی کرا. |
| نەبوونی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانەکاندا | وەبەرهێنان لە گەنجان وەک سەرگردەی داهاتوو بە سێیەم گەورەترین بزوێنەری گەشەکردن بۆ داهاتووی ئابووری داهێنەرانە لە عێراق دادەنرا (٧٪ ی بەشداربووان، کە بەشداریان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە، "بەکارهێنانی کەلەپوری کەلتووری").<br>زیادکردنی پەروەردەی هونەری زۆر پێویستە بۆ 'پشتیوانی و ڕاهێنانی کارامەیی'، دواتر زیادکردنی هۆشیاری لەوەی کە لە کوێدا دەرفەت و سەرچاوە بۆ کەرتەکە دەتوانرێت بدۆزرێتەوە (٥٦٪ و ٢٧٪ ی بەشداربووان، کە بەشداریان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە لە دووی یەک)<br>پێشخستنی هونەر لە قوتابخانەکاندا بە شێوەیەکی مامناوەند وەک ئەو بوارە هەڵسەنگێندرا کە زۆرترین پێویستی بە پشتیوانی هەیە (٧٪ ی بەشداربووان) |

ئەو کارمەندە داهێنەرانەی کە بەشداریان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە، پێیان وابوو کە ڕاهێنان لە سەر تواناکانی کارگێڕی بازرگانی و ڕێکخستنی پرۆژەکان گرنگترین شێوازی پشتگیرییە. باس لە کەمیی ئەم کارامەییە هاتە ئاراوە لە ڕاوێژکاری لەگەڵ ئەو کارمەندانەی کە دەیانەوێت پیشە و کارەکانیان پەرەپێبدەن و هەروەها ئەو کۆمپانیایانەی کە دەیانەوێت گەشە بە کارەکانیان بدەن.

# ٥.٣ بازاڕ و فرۆشتن

پەرەپێدانی بازاڕ و فرۆشتن لە پێشینەی کارەکانی کۆمپانیا داهێنەرەکانە لە عێراق. ئەندامانی پیشەسازی ئاماژە بە زیادبوونی خواست لەسەر کاڵا و خزمەتگوزارییە داهێنەرەکانی عێراق دەکەن، چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. ئێستا خەڵک زیاتر گرنگی بە هونەرمەند و دەهێنان دەدەن. بەڵام ئەم داواکاریانە نابن  بە بازاڕ و فرۆشتن بۆ بەرهەمی داهێنەرانە لە عێراقدا. چونکە لە وەڵامی پرسیارێکی دیکە، بەشداربووان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە کەمیی خواستی ناوخۆ بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییە داهێنەرەکانی عێراق دەکەن گەورەترین بەربەستی لە بەردەم ئابووریی داهێنەرانە لە عێراقدا (٣٦٪ ی وەڵامەکانی ڕاپرسییەکە). داواکاری لە بازاڕ دابەزیوە چونکە خەڵک بەهای پارەدان بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییە داهێنەرە بە کوالیتییەکان بە شیاو نابینن. ئەمەش بە بەربەستێکی گەورە دادەنرا لەبەردەم ئابووریی داهێنەرانە لە عێراق (٧٪ ی وەڵامەکانی ڕاپرسییەکان و زۆرینەی ڕاوێژکارییەکان). سەرەڕای ئەوەش، بەرزکردنەوەی ستانداردەکان و دڵنیابوون لە کوالیتی وەک




سێیەم گرنگترین جۆری پشتیوانی کە سەرکردەکان پێویستیان پێیانە ڕیزبەندی کرا (١٥٪ ی وەڵامەکانی ڕاپرسییەکە و زۆرێک لە ڕاوێژکارییەکان). جگە لەوەش توانای کێبڕکێی تێچووی کاڵا و خزمەتگوزارییە عێراقییەکان نزمە وە لە ڕیزبەندی دواهەمیی خاڵە تەرێنییە کانە لە ئابووریی داهێنەرانەی عێراقدا (-٪ ی وەڵامەکانی ڕاپرسییەکە، وەک "ئەو پەیوەندییەی کە عێراقییەکان بە وڵاتان و گەلانی دیکە دەبەستێتەوە"، کە کۆدەنگی بۆچوونەکانە).

# ٥.٤ سیاسەت و ستراتیژییەتەکان

سیاسەتی گونجاو بەشێکی دانەبڕاوە بۆ پەرەپێدانی ئابوورییەکی داهێنەرانە و گەشەسەندوو و گشتگیر و بەردەوام. بڕیارە کاریگەرەکانی سیاسەتی کەلتووری دەبێتە هۆی گەیشتن بە دەرئەنجامی خوازراو ی هاوڵاتیان، داهێنەران، کۆمپانیاکان و حکومەت.
لە یەکێک لە پرسیارەکانی ڕاپرسییەکەدا پێشبینی بەشداربووان بریتی بوو لەوەی کە ڕەخساندنی زیاتری هەلی کار و کارگێری گرنگترین سوودی وەبەرهێنان بێت لە ئابووری داهێنەر لە عێراقدا، دواتر بنیاتنانی ئاشتی (٤٦٪ و ٣٥٪ ی بەشداربووان لە دووی یەک). پەستنەوەی گەشتیاری بە ئابووری داهێنەرانەوە گەورەترین بزوێنەر بێ کە لەوانەیە هۆکاری گەشەی ئابووری داهێنەرانە بێ لە عێراق، دواتر دابینکردنی کەرتەکانی دیکە و زیادکردنی بەها لە ڕێگەی داهێنانەوەیە (٥٨٪ و ٢٩٪ ی وەڵامەکانی ڕاپرسییەکە، لە دووی یەک).
لە پرسیارێکی دیکەی ڕاپرسییەکەدا، گەورەترین بەربەست لە دروستکردنی بارودۆخێکی سیاسی پشتیواندا، تێنەگەیشتنی حکومەت بوو لە ئابووری داهێنەر (٧٤٪ ی بەشداربووان)، وەک لە هێڵکارییەکەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. لە ئەنجامدا دامەزراندنی دەستەی نوێنەرایەتی یان کۆمەڵەی




پیشەسازییەکان پشتگیرییەکی زۆر پێویستە بۆ سەرکردایەتی، دواتر گفتوگۆ لەگەڵ داڕێژەرانی سیاسەتەکان (٤٢٪ و ٣٣٪ ی وەڵامەکان لە دووی یەک).
لە هەمان کاتدا، ڕاوێژکارییەکان دەریانخست کە پیشەسازییەکە ڕووبەڕووی بەربەستی سیاسی بەرچاو دەبێتەوە سەبارەت بە مافی خاوەندارێتی بیرۆکە و سەلامەتی و ئاسایش و کەمی بژاردەی بانکی و پارەدان. لە کاتێکدا ئەم بەربەستانە لە ڕاپرسییەکەدا پلەیەکی بەرزیان پێنەدرابوو، لەلایەن ئەندامانی پیشەسازییەوە بە گرینگ دادەنران. بەرز نرخاندنی بەهای کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ ئابووریی داهێنەرانە دەبێتە هۆی زیادکردنی پێگەکەی لە گفتوگۆکانی سیاسەتەکاندا.

# ٥.٥ ژێرخانەکان

ژێرخان لاوازییەکی گەورەی ئابووری داهێنەرانەیە لە عێراقدا. ژێرخان پێکدێت لەو ئامێر و ئامراز و کەرەستە و هەروەها ئەو پرۆسانەی کە کارە داهێنەرانەکان دەباتە پێشەوە و بەرهەمهێنان و دابەشکردن چالاک دەکات.
ژێرخانی کەرتەکە لە شارە گەورەکاندا چڕبووەتەوە. لە ڕاستیدا شارەکانی وەک بەغدا و هەولێر و بەسرە شوێنی زۆربەی کۆمەڵە و دامەزراوە و کەرت و کەرەستەی پیشەسازین. بەڵام مەودای کارکردنی زۆر فراوانترە، بەو پێیەی زۆربەی ژێرخانی کەرتەکە دەتوانرێت بە شێوەی ئۆنلاینیش بدۆزرێتەوە چونکە چالاکییەکان زیاتر بە شێوەی دیجیتاڵی ئەنجام دەدرێن.
کەمی ئامرازەکانی وەک شانۆیەکانی دەنگی سینەمایی و ستۆدیۆکانی تۆمارکردنی مۆزیک دەبێتە هۆی تێکدانی زنجیرەکانی دابینکردنی ناوخۆیی و ئاستەنگ لە بواری دارایی و بەرهەمهێناندا دروست دەکات و هەروەها زیان بە کوالیتی دەگەیەنێت و بەرهەمهێنان کەمدەکاتەوە. کەمی چاپخانەکان وادەکات کە بڵاوکەرەوەکان ناچار بن خزمەتگوزارییەکان چاپکردن لە دابینکارانی گرانبەها لە دەرەوەی وڵات بەدەست بێنن، کەمی کەرەستەش وا دەکات بەشێکی زۆری کەرتی کاری دەستی وڵاتەکە بە شێوەیەکی مەترسیدار وابەستەی هاوردە بێت و زۆربەرکەوتەی کاریگەرییەکانی بازرگانی دەرەکی بێت لە دابینکەرە جیهانییەکان و باج و ئاڵوگۆڕی دراو و گەیاندن و کۆگاکردن.
کەرەستە و ئامێرەکان پێویستن بۆ بەرهەمهێنان لە زۆرێک لە کەرتەکاندا. کەمی ئامێرەکان یەکێکە لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم کەرتی فەرهەنگی کەلتووری، چونکە ئەم کەرتە پێویستی بەوە هەیە کە شانبەشانی لایەنە پیشەنگە جیهانییەکانی ئەم بوارە لە شوێنە مێژووییەکان و شوێنەوارەکاندا کار بکات. بۆیە کەرتەکە پێویستی بە ئامێر و لێهاتوویی هاوتا هەیە بۆ بەڵگەنامەکردن و ئەرشیفکردن و پاراستن و نۆژەنکردنەوە و نمایشکردنی ئەم گەنجینە جیهانیانە. بۆ چارەسەرکردنی لەدەستدانی کتێبەکانی ساڵانی ململانێ لەگەڵ داعش، دامەزراوەکانی موسڵ لەگەڵ هاوبەشە جیهانییەکانیان هەڵمەتی بەدەستهێنانەوەی کتێبیان دامەزراندووە لە سەرانسەری جیهاندا.
لە کاتێکیشدا کە ئەم کەرتە ژێرخانەکەی لاوازە، بەڵام داهێنکارانە مامەڵەی کرد و بە هەندێک ڕێگەچارە خۆی لەگەڵ ڕەوشەکە گونجاند، وەک دووبارە بەکارهێنانەوەی شوێنە پشتگوێخراوەکان و کارکردن لە ماڵەوە. بە گشتی ئەم چارەسەرانە وەکو ڕێکارێکی کاتییە، زۆرجار ئەم چارەسەرانە نا تەواون و دەبنە بەربەستی سەرەکی لەبەردەم گەشەکردن و بەردەوامی کەرتەکە.





# ٥.٦ ئابووریی ڕێکنەخراو (نافەرمی)



"زۆر کەس حەز دەکەن بچنە ناو ئابووریی داهێنەرانە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پشتیوانی دارایی و مەعنەوییەوە ناتوانن"

داهێنانکارێکی عێراقی

ئابووری نافەرمی لایەنێکی سەرەکییە لە عێراقدا. ئامارەیەکی خێرای ئابووری نافەرمی لە عێراق لە ساڵی ۲۰۲۱دا ئەوە دیار دەکات کە ٥.٧ ملیۆن کەس لە عێراق لە کارە نافەرمیەکاندا کاردەکەن (٦٧٪ی کۆی کارەکان). ئەمەش بریتییە لە ٤.٧ ملیۆن کەس کە لە کەرتی نافەرمیدا کاردەکەن لە عێراق (٥٥٪ ی کۆی کارەکان) و یەک ملیۆن کەسیش کە لە عێراقدا لە دامەزراندنی نافەرمیدا کاردەکەن. ئابووری نافەرمی بە شێوەیەکی بەرفراوان بەوە پێناسە دەکرێت کە: "کۆمەڵێکی هەمەڕەنگە لە چالاکییە ئابوورییەکان و دامەزراوەکان هەلی کار و کرێکاران کە لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێک نەخراون و نەپارێزراون". بەشێکی زۆری ئابووریی داهێنەرانە بە نافەرمی دەمێنێتەوە چ لە عێراق و چ لە جیهاندا بە گشتی.

زۆربەی کۆمپانیاکانی ئابووریی داهێنەرانە و داهێنەران بە فەرمی وەک کۆمپانیا تۆمار نەکراون. تەنها ٧٠٪ ی کۆمپانیا داهێنەرەکان و ١١٪ ی ئەو کەسە داهێنەرانەی کە وەڵامی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە، بە فەرمی وەک کۆمپانیا تۆمارکراون، ئەمەش بەهۆی بەربەستەکانی تۆمارکردن و نەبوونی متمانە بە داتا و زانیارییە پێویستەکان. ئەم دۆخەی تۆمارکردن ڕەنگە کاریگەری نەرێنی بەرچاوی لەسەر کۆمپانیا داهێنەرەکان هەبێت وەک نەبوونی بایەخ و پێزانین لەلایەن حکومەت و وەبەرهێنەرانەوە.

ئەوانەی کە وەڵامی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە، پرسیاریان لێکرا سەبارەت بە دۆخی یاسایی خۆیان. لەنێو داهێنەراندا تەنها ١١٪ بە فەرمی وەک دامەزراوەی بازرگانی تۆمارکراون و لە کۆمپانیاکان تەنها ٣٠٪یان تۆمارکراون.

# ٥.٧ گەشەی گشتی

"من بە پەرۆشم بۆ بەشدارییپێکردنی ژنان و ئەندامانی کەمینەکان بۆ بەشداریکردن لە کۆمەڵگا و ئابووری و گوتاری کۆمەڵایەتی."

داهێنەرێکی عێراق



گەشەسەندنی پیشەسازییە ڕۆشنبیری و داهێنەرییەکانی عێراق دەرفەتێکە بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەی گشتگیر کە تێیدا گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت و نایەکسانی کەم بکاتەوە. ئەو سیاسەتانەی کە بە وردی داڕێژراون دەتوانن ببنە زامنی ئەوەی کە گەشەی ئابووری لە سەرانسەری کۆمەڵگای عێراقدا هاوبەش بێ و کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو گرووپانە بکات کە توێژەرایەتییەکی کەمیان هەیە یان پەراوێزخراون .

توێژینەوەکە ئاشکرایکرد کە چۆن ئابووری داهێنەرانە پشتگیری لە گرووپە کەمینەکان دەکات لە عێراق و توانایان پێدەبەخشێت و یارمەتیدەر دەبێت لە پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان نەوەکان و پەیوەندی نێوان خەڵک لە سەرانسەری وڵات دروست دەکات و گەشەسەندنی گشتگیر و گەشەپێدانی بەردەوام بۆ وڵاتەکە باشتر دەکات - هەموو ئەمانە لە ڕێگەی ڕێبازی گەشەپێدانی کەلتووری گەورە دەکرێن کە تەرکیز لەسەر سوودگەیاندن بە خەڵک دەکەنەوە.

بەگوێرەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، زۆرینەی ڕەها (٩٥٪) هاوڕان لەسەر ئەوەی کە کارەکانیان دەبێت کاریگەرییەکی فراوانتری کۆمەڵایەتی هەبێت، نزیکەی نیوەی (٤٧٪)یش ئاماژەیان بەوە کردووە کە هەمەڕەنگی گەلی عێراق یەکێک بووە لە گەورەترین خاڵە بەهێزەکانی ئابووری داهێنەرانە. جگە لەوەش، ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە "وەبەرهێنان لە گەنجان وەک پێشەنگی ئایندەی ئابووری داهێنەرانە" گرنگترین بزوێنەری گەشەکردنە بۆ داهاتووی ئابووری داهێنەرانە لە عێراقدا.

هەروەها گفتوگۆکانی توێژینەوە جەختیان لەسەر ئاوێتەبوونی نێوان ئابووری داهێنەرانە و کاریگەری کۆمەڵایەتی کردەوە، بۆ نموونە لە ڕێگەی تیشکخستنە سەر تواناکانی ئەو کەرتە بۆ پشتگیریکردنی ژنان و گرووپە شایستەکان لە بواری پەرەپێدانی تێگەیشتنی نێوان کەلتوورەکان و نەوەکان. ئەنجامەکان بە گشتی ئاماژە بەوە دەکەن کە داهێنەرانی عێراق پشتگیری لە توانای پیشەسازییە کەلتووری و داهێنەرەکان دەکەن بۆ پشتگیریکردن لە گەشەسەندنی گشتگیر.

# ٥.٨ ناکۆکییەکان و بونیادنانی ئاشتەوایی

لە قۆناغەکانی ململانێ و ناسەقامگیریدا، پیشەسازییە کەلتووری و داهێنانکارییەکانی عێراق سەلماندوویانە کە دەتوانن خۆڕاگر بن. سەرەڕای شەڕ و گەمارۆ و داگیرکاری و ململانێ، داهێنەرانی عێراق بەردەوام بوون. لەگەڵ دەربازبوونی عێراق بۆ سەردەمی بنیاتنانی ئاشتی، کەسانی خولیای هونەر و ڕۆشنبیری خەریکە درک بەو ڕۆڵە دەکەن کە دەتوانن بیگێڕن لە بارمەتیدانی کۆمەڵگا بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی و یەکگرتنەوە.
پەیوەندییەکانی نێوان کەلتوور و بنیاتنانی ئاشتی لە گەشەکردندان. هونەر و ڕۆشنبیری دەتوانن بواری ئابووری، ژینگەیی، سیاسی، ئەمنی و کۆمەڵایەتی پتەو بکەن بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە لە دۆخێکی هەستیارن و لە ململانێدان، ئەمەش لە گفتوگۆ ڕاوێژکارییەکانی نێوان عێراقییەکان لە موسڵەوە تا بەسرە بە ڕوونی دیارە. ئەم دەرئەنجامانە ڕەنگدانەوەی ئەو لێکۆڵینەوەیەن کە لەلایەن باڵتا و بەیلی ئەنجامدراون، کە هەروەها ئاماژە بە هەندێک تەحەدای سەرەکی دەکات بۆ تێکەڵکردنی کەلتوور لە بنیاتنانی ئاشتی فراوانتردا.
ململانێ و ناسەقامگیری کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کەرتی ڕۆشنبیری لە عێراقدا هەبووە و گرنگیدان بە چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و هەوڵە بەردەوامەکانی هونەرمەندان و ڕۆشەنبیران دەتوانێت پاڵپشتی هەوڵەکانی بنیاتنانی ئاشتەوایی بکەن.
توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئابووری داهێنەرانە لە عێراقدا پشتگیری لە بنیاتنانی ئاشتەوایی دەکات لە ڕێگەی:

١. ئاسانکاری بۆ گفتوگۆ بۆ دروستکردنی متمانە لەلایەن خەڵک و دامەزراوەکان.

٢. کارکردن وەک سەکۆیەک بۆ داکۆکیکردن لە پێداویستییەکانی هاووڵاتیان و هاندانی بەشداریکردنی مەدەنی.

٣. نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوە و پاراستنی فەرهەنگ و کەلتوور.

٤. بڵاوکردنەوەی بەسەرهاتەکانی عێراق و تیشکخستنە سەر سەر ئەو بابەت و کەسانەی کە ڕوو بە ڕووی مەترسی دەبن.

٥. پاڵپشتیکردنی بنیاتنانی کۆمەڵگە و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی.

٦. دابینکردنی ڕێگەچارە بۆ کەمکردنەوەی فشاری دەروونی بەکۆمەڵ.

٧. ڕێگە دان بە بەشداریکردنی هەمووان، بە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانیشەوە.

٨. پاڵپشتیکردن لە بنیاتنانی تواناکانی نەوەی داهاتوو لە داهێنەرانی عێراق.



# ٦. راسپاردە

توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەیەکی سەرەکیی دەستنیشان کردووە بۆ چۆنیەتی پاڵپشت
کەرتی داهێنانکاری و هەروەها لەسەر ئاستی بنچینەیی و میللی و دامەزراوەیی و س
زەقوورەی پێش



# کانی زەقورە

تیکردنی ئابووریی داهێنەرانە لە عێراقدا لەسەر ئاستی سیستمی ژینگەیی تایبەت بە
ەرکردایەتی و ئاستی سیاسەت و ستراتیژییەتەکان، ئەوەش لە چوارچێوەی ڕێبازی
کەوتنخوازیدا.

# ٧. ئەنجام

لەسایەی داینکردنی بودجەی گونجاو و دەستنیشانکردنی ئەولەویەتەکان لەلایەن داڕێژەرانی سیاسەت و ستراتیژییەتەکانەوە، عێراق ئێستا دەرفەتی ئەوەی هەیە کە ئایندەی خۆی بە شێوەیەک ئاراستە بکات کە لە دەیەکانی ڕابردوودا نەیتوانیوە. کارمەن و پیشەوەرانی داهێنەر لە عێراق پێگەیەکی ناوازەیان هەیە لە ڕووی مێژوو و نەریتی فەرهەنگییەوە و، بێگومان تواناى دووبارەکردنەوەی ئەو داهێنان و بەهرەیان هەیە کە باوباپیرانیان جیهانی دێرینیان پێ دروست کردووە.
بەرهەمی پشتگیریکردن لە ئابووری داهێنەرانە بریتی دەبێت لە شانازیکردن بە فەرهەنگ و کەلتوور و دەستەبەرکردنی ئاشتەوایی و تێگەیشتنی نێوان کەلتوورە جیاوازەکان و هەروەها گەشەکردنی بازرگانی و ژیانی پیشەیی تاکەکان. لانکەی شارستانیەت دەتوانێت سەردەمێکی نوێی داهێنان دەستپێبکاتەوە بە وەبەرهێنانی دروست لە پیشەوەرانی داهێنەری بەتوانا و ماندوونەناس.





# Nordicity

Nordicity is a research and evaluation, strategy, policy and economic analysis for the arts, cultural and creative industries.

For more information, contact Stephen Hignell, Director, Nordicity: shignell@nordicity.com
Report by Nordicity. NGL2310-02-

© British Council in Iraq 2023
www.iraq.britishcouncil.org

BRITISH COUNCIL

Nordicity

becorp Inc.